Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.025-01-01-SC-17

# توانستەکانی بەبازاڕکردنی (گەشتوگوزاری شوێنەواریی و مێژوویی و کەلەپووریی) لە ئیدارەی گەرمیان

غریب علی سلیم[1] ,شیروان عمر رشید[2]

1بەشی گەشتوگوزار/کۆلێجی زانکۆی (گۆیژەیی) بۆ دراساتی ئاینی/ زانکۆی گۆیژە
2بەشی جوگرافیا/ کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی/ هەرێمی کوردستان-عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **April 2025** |
| Accepted | **May 2025** |
| Published: | **August 2025** |

**Keywords**

گەشتوگوزار، بەبازاڕکردن، شوێنەوارە و مێژوویی و کەلەپووریی، ئیدارەی گەرمیان

**Corresponding Author**

gharib.saleem@univsul.edu.iq
gharib.saleem@uog.edu.iq
Shirwan.rashid@univsul.edu.iq

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی توانستەکانی بەبازاڕکردنی (گەشتوگوزاری شوێنەواریی و مێژوویی و کەلەپووریی) لە ئیدارەی گەرمیان ئامانج لێی دەرخستنی توانستە گەشتوگوزارییە شوێنەواری و مێژووی و کەلەپوریەکان و چۆنیەتی بەبازاڕکردن لە ناوچەکە، کە یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی بەبازاڕکردنی گەشتوگوزار دەتوانرێت بە درێژایی ساڵ سوودی لێوەربگیرێت، کێشەی توێژینەوەکە خۆی لە وەدا دەبینێتەوە لەگەڵ بوونی ئەم توانستانە نەتوانراوە سوودی لێوەربگیرێت و ببێتە هۆکارێك بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران و بوژاندنەوەی ئابووری ئیدارەی گەرمیان، لەبەر کەمی خزمەتگوزاری و دواکەوتووی ژێرخانی و سەرخانی ئابووری شوێنەواری گەشتیاریی. بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە هەردوو میتۆدی (وەسفی و ئوسوڵی)مان بەکارهێناوە، لە کۆتاییدا توێژینەوەکە گەشتووە بە کۆمەڵێك دەر ئەنجام لەوانە ئیدارەی گەرمیان چەندین پاشماوەی شوێنەواری مێژوویی و کلتوری و ئاسەواریی کۆن لەخۆدەگرێت کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوری و فارسی کاشی و ئەکەدی و سۆمەری و گۆتی، تایبەتمەندن بە دیمەنە سەرسوڕهێنەرەکان کە گەشتیارانی هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن و بۆیە پێشنیار دەکەین کە گرنگی بە گەشتوگوزار بەگشتی و گەشتوگوزاری شوێنەواریی و مێژوویی کەلەپوریی بەتایبەتی بدرێت، چونکە ناوچەکە دەوڵەمەندە بە چەندین شوێنی شوێنەواری دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە چالاکی گەشتیاریی بەبازاڕکردنی بۆ بکرێت و لەرووی ئابورییەوە سوودیی زۆر دەبێت بۆ دانیشتوانی ئیدارەی گەرمیان.

## پێشەکی:

مەبەست لە شوێنەوارە مێژووی و کەلەپورییەکان بەرهەمی کەڵەکەبووی مرۆڤ بە درێژایی چاخە جۆراوجۆرەکان، کە بەڵگەیەکی ماددیی و زیندووە بۆ هەبوون و ژیانی گەلان لە هەرشوێنێکدا بن و هێمایەکە بۆ مێژووی کۆنی مرۆڤ و بەڵگەیە بۆ دێرینی و گەشەی ئەو مرۆڤانە. هەروەها هەر شوێنەوارە کە رابردوو و ئەمڕۆ بەیەکەوە دەبەستێتەوە(حسن، 2023، ل13). جگە لەوەی لەرووی ئابوریی و کۆمەڵایەتی و گەشتیارییەوە گرنگییەکی زۆری هەیە. بێگومان دۆزینەوەی هەر شوێنەوارێك رۆشنایی دەخاتە سەر مێژووی نەوەکانمان و پەردەلادانە لەسەر جیهانی کۆن کە کاردانەوەی لەسەر هەموومان هەیە و دەبێتە بەشێك لە میراتی رۆشنبیریی گشتی، رووانینە بۆ رابردوو و ئارەزووی زانینی شارستانییتە کۆنەکان لە ئێستادا و لە رابردوودا هەمیشە یەکێك لەخولیاکانی مرۆڤ بووە.

شوێنەوارە مێژووی و کەلەپورییەکان بەیەکێک لە بنەما مرۆییە بەهێزەکانی گەشتوگوزار دادەنرێت، لە زۆربەی ولاتانی پێشکەوتوو گرنگی تایبەت بە نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارەکان دراون و ئامادەیان کردوون بۆ سەرنج راکێشانی گەشتیاران، بۆیە ساڵانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیار بۆ بینینی شوێنەوارەکان سەردانی ئەو ولاتانە دەکەن. ئیدارەی گەرمیانش خاوەن شارستانێتێکی زۆر کۆنە و دەوڵەمەندە، چونکە دەسەڵاتە جیاوازەکان حکومڕانی ئەم ناوچەیان کردووە، هەر لە دێرزەمانەوە ئاوەدانی و ژیانی تێدا هەبووە، لە کۆندا ناوچەیەکی بازرگانی و ئابوری گرنگ بووە بۆ ساغکردنەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری خەڵکی ناوچەکە و ناوچەکانی دەوروبەری. هەروەها شوێنی جوگرافی کە هاوسنورە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و عێراق و هەرێمی کوردستان ئەمەش پێگەیەکی ئابوری و بازرگانی پڕ بایەخە، لەبەرئەوەی خاوەنی چەندین ڕێگای سەرەکیە کە سەنتەری ئیدارەی گەرمیان بە پارێزگا و سنوری نێودەوڵەتیەوە دەبەستێتەوە، هاوکات مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخان بایەخێکی بازرگانی و ئابوری و گەشتیاری بە ناوچەکە بەخشیووە، بەتایبەت ڕۆژانە لەم مەرزەوە سەدان تەن بەرهەم کاڵا و شمەک دەهێنرێتە ناوچەکە و ڕەوانەی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق دەکرێت. جگەلەوەی چەندین شوێنەواری مێژوویی و کەلەپوری کەوتۆتە سنوری ئیدارەی گەرمیان کە گەواهیدەرن لەسەر ئەوەی بەدرێژایی مێژوو ئەم ناوچەیە ئاوەدانی تێدا بووە، ئەگەر گوزەرێک بە ناوچەکەدا بکەیت و ئەبینی مۆرکێکی مێژوویی پێوە دیارە کە ئەمەش مایەی سەرنجی زۆرێک لەو گەشتیارانەیە کە سەردانی ئەم شارەیان کردووە، بەتایبەت ئەو توێژانەی بایەخ بەو جۆرە دیاردانە دەدەن وەک پسپۆڕانی بواری مێژوو و شوێنەوار و گەشتوگوزار، مامۆستایان و خوێندکارانی زانکۆ، بوونی هەموو ئەو شوێنەوارانە ئاماژەیە بۆ مێژووی دێرینی ناوچەکە.

### گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە هەوڵی ناساندن و بەبازاڕکردنی شوێنەوارە مێژوویی و کەلەپورییەکانی ئیدارەی گەرمیان دەدات، تا لەرێگەوە بتوانرێت ژمارەی زیاتر گەشتیار بۆ ناوچەکە ڕابکێشێت، ببێتە هۆی بوژانەوەی سەرخان و ژێرخانی ئابوری و ڕەخساندنی هەلیکار و هێنانی دراوی قورسی بیان و زیادبوونی هۆشیاری دانیشتوانی ناوچەکە.

### ئامانجی توێژینەوە

1. ناساندن و بەبازاڕکردنی ناوچە شوێنەوارییەکان و چۆنیەتی دابەشبوونی جوگرافی.
2. بە ئامانجی بەکارهێنانی شوێنەوارە مێژوویی و کەلەپورییەکان لە بەبازاڕکردنی گەشتوگوزاری ناوچەکەدا.
3. هەڵسەنگاندنی گرفتەکان و چۆنیەتی بەبازاڕکردنی گەشتوگوزاری شوێنەواریی و مێژوویی و کەلەپووری لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا.

### کێشەی توێژینەوە

لێرەدا دەتوانین کێشەی توێژینەوەکە کورت بکەینەوە لەم خاڵانەدا:

1. سەرەڕای هەبوونی ناوچەی شوێنەواریی و کەلەپوریی، بەڵام تاوەکو ئێستا نەتوانراوە ڕۆڵییان هەبێت لە بەبازارکردنی چالاکی گەشتوگوزاری و زیادکردنی داهاتی ناوخۆیی.
2. کەمی و نەبوونی بودجەی بۆ بوژانەوەی شوێنەوارەکان رێگرە لە راکیشانی گەشتیاران بۆ ناوچەکە.

### گریمانەی توێژینەوە

1. ئەگەر بەبازاڕکردن بۆ توانستە شوێنەواری مێژوویی و کەلەپورییەکانی ناوچەکە بکرێت دەبێتە هۆکارێك بۆ ئاوەدانکردنەوە و بوژانەوەی ڕاکێشانی خزمەتگوزاری ژێرخانی ئابوری و ڕەخساندی هەلی کار.
2. گرنگی دان بە بوژانەوەی شوێنەوارەکان و پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان دەبێتە فاکتەری زۆربوونی داواکاری گەشتیاری لە ناوچەی لێکۆڵینەوە.

### میتۆدی توێژینەوە

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە پشتمان بە چەند میتۆدێک بەستووە، میتۆدی مێژوویی بۆ دەرخستنی بنەمای مێژوویی ناوچەی لێکۆڵینەوە، میتۆدی ئوسوڵی بۆ ناساندن و باسکردنی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەکارهاتووە.

**پلانی توێژینەوە**

تەوەری یەکەمی توێژینەوەکە تایبەتە بە پێگەی مێژوویی و کارگێڕی و شوێنی جوگرافی ناوچەی لێکۆڵینەوە و چەمکە بەکارهاتووەکان، تەوەری دووەم تیشک دەخاتە سەر ناساندنی توانستە شوێنەواری مێژوویی کەلەپوری چۆنیەتی دابەشبوونیان لەناوچەکەدا، چونکە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە کەرتی گەشتیارییەوە هەیە. ئەوەی تایبەتە بە تەوەری سێیەم کێشە و گیروگرفتەکانی ناوچە شوێنەوارە مێژووییەکان و چۆنیەتی بەبازاڕکردنیان.

## تەوەری یەکەم: ناساندنی ناوچەی لێکۆڵینەوە:

### یەکەم: پێگەی مێژوویی و کارگێڕی:

(ئیدارەی گەرمیان) یەکێکە لە ناوچە دێرینەکانی هەرێمی کوردستان و خاوەن شارستانێتێکی زۆر کۆنە و گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە، لە دێرزەمانەوە ئاوەدانی و ژیانی تێدا هەبووە، چونکە زۆربەی چاڵە نەوتیەکانی هەرێمی کوردستان لە کەرکوک و خانەقین دەکەونە نێو چوارچێوەی ئەم ناوچەیە، جگەلەوەی ناوچەیەکی گرنگ بووە بۆ بەخێوکردنی سامانی ئاژەڵ و هەرێمێکی کشتوکاڵی بەپیتیشە، بەهۆی هەمەجۆری بەرهەمی کشتوکاڵی و کانزایی و ڕووەکی سروشتی و جۆراوجۆری هەرێمی ئاووهەوایی کاریگەری لەسەر چالاکی ئابوری و پشەسازی پەیوەندییەکانی دانیشتوان کردووە(مستەفا،2022، ل833). هەروەها چەندین پاشماوەی شوێنەواری مێژوویی و کەلەپوری کۆن لەخۆدەگرێت کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوری و فارسی سامەڕا و حلف و سەردەمی کۆیلەکان و ئاشوری پێش ئیسلام و سەردەمی ئیسلام لە سەرەتادا سەرقاڵی گەڕان و جێگۆڕکێ بوون بە دوای خۆراک و حەوانەوەدا گەڕاون، لە کاتی پێویستدا پەنایان بردۆتە بەر ئەشکەوت و پەنەگەکان، دوای ناچاربوون ئەشکەوتەکان جێبهێڵن و بەرەو ئەوە بچن گوند و شار و لە قوڕ و بەرد بەشێوازی سادە و ساکار دروست بکەن (باقر، 1955، ص10).

ئیدارەی گەرمیان لەرووی کارگێڕییەوە بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی وەزیران لە (2006/6/8) پێکهێنراوە شاری دەربەندیخان کرایە سەنتەری ئیدارەکە، بۆ بەڕێوبردنی ئەو قەزا و ناحیانەی پێشتر سەر بە پێشتر سەر بەسنوری پارێزگای کەرکوک بوون، دواتر هەر بە فەرمانێکی وزاری (2007/2/25) بڕیاردا بە گواستنەوەی سەنتەری ئیدارەی گەرمیان لە شاری دەربەندیخانەوە بۆ شاری کەلار کە پێکهاتبوو لە هەریەک لە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ) و ناحیەکانی (قۆرەتوو، مەیدان، بەمۆ) سەر بە قەزای خانەقین بوون. پاشان لە (2011/8/1) بە فەرمانێکی وزاری سەرجەم یەکە کارگێڕییەکانی قەزای چەمچەماڵ لەرووی ئیداری و داراییەوە بەسراونەتەوە بە پارێزگای سلێمانی. لە دامەزراندنی ئیدارەی گەرمیان لە ئێستادا هەریەک لە قەزاکانی (کەلار، کفری، خانەقین)و (11) ناحیە پێکهاتووە، ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لەساڵی (2023) گەیشتۆتە (327071)کەس، بە ڕووبەری (6001.1)کم2، خشتەی (1). واتە بەرێژەی لە (8.5%) کۆی ڕووبەری هەرێمی کوردستانی پێکهێناوە، (علي, 2014، ل46). هەروەها لەرووی پێکهاتەی ئاینی و نەتەوەییەوە پێکەوە ژیانی نەتەوە جیاوازەکان (کورد، عەرەب و تورکمان) سیمایەکی دیاری ئیدارەی گەرمیانە، بەتایبەت قەزای کفری کە پێداگری لەسەر پێکەوەژیانی ئاشتی نێوانیان دەکەن، کە لەخۆشی و ناخۆشیدا هاوبەشی یەکتر و بەتەنگ یەکەوەن، ئەوەش بەهۆی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە تێکەڵاوی زۆر دروست بووە، نەتەوەی کورد بەشێکی زۆر دانیشتوانەکەی پێکهێناوە، هەرە زۆر موسڵمانی سوننە مەزهەبن(دەلۆ، 2019، ل 144).

خشتەی (1)ژمارە و ڕێژەی ڕووبەرو دانیشتوانی یەکە کارگێڕییەکانی ئیدارەی گەرمیان بۆ ساڵی 2023

| یەکە کارگێڕییەکان | ڕووبەر /کم2 | ڕێژە % | ژمارەی دانیشتوان | ڕێژە % |
|---|---|---|---|---|
| قەزای خانەقین | 1442 | 24.1 | 17091 | 5.2 |
| قەزای کەلار | 1681.1 | 28 | 229959 | 73.1 |
| قەزای کفری | 2878 | 47.9 | 70899 | 21.7 |
| کۆی گشتی | 6001.1 | 100 | 317947 | 100 |


سەرچاوە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ڕاپۆرتی ئاماری دیمۆگرافی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکان، 2023.

## دووەم: شوێنی جوگرافی و ئەسترۆنۆمی

ئیدارەی گەرمیان ناوچەیەکی دەشتایی فراوان لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەگرێتەوە، دەکەوێتە بەشی باشوری پارێزگای سلێمانی و باشوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان، لەباکوری ڕۆژهەلات پارێزگای هەلەبجەیە لەباکور پاریزگای سلێمانی، لەباکوری ڕۆژئاوا پارێزگای کەرکوک لە ڕۆژئاواوە پارێزگای سەڵاحەدین لە باشور لەگەڵ پارێزگای دیالە هاوسنورە، لەبەشی ڕۆژهەڵات لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران سنورێکی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئەو وڵاتەدا هەیە، بۆیە دەبینین ئەم ئیدارەیە سنورێکی جۆراوجۆری هەیە دەبێتە سێ بەش (سنوری نێودەوڵەتی، سنوری لەگەڵ پارێزگاکانی عێراق، سنوری لەگەڵ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان) نەخشەی (1).


ئەم شوێنە بایەخێکی تایبەتی بە ناوچەکە بەخشیووە بەوەی هاوسنورە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران و عێراق هەرێمی کوردستان ئەمەش پێگەییەکی ئابوری و بازرگانی گرنگی هەیە، لەبەرئەوەی خاوەنی چەندین ڕێگای سەرەکیە کە سەنتەری ئیدارەی گەرمیان بەیەکەوە دەبەستێتەوە بە پارێزگا و سنوری نێودەوڵەتیەوە کە لە هەرچوار ئاڕاستەکەوە درێژدەبێتەوە لە باکورەوە ڕێگای (کەلار-سلێمانی) لەخۆرئاوا ڕێگای(کەلار- کفری، کەرکوک) لەباشور ڕێگای (کەلار-جەلەولا) لە ڕۆژهەڵات ڕێگاکە دەبێت بەدوو بەشەوە (کەلار-پەروێزخان)و (کەلار-خانەقین)، کۆی درێژی ئەم ڕێگایانە دەگاتە (198)کم(کریم، 2023، ل144)، ئەمەش بایەخێکی زۆری هەیە لە رووی بازرگانییەوە، چونکە مەرزی نێودەوڵەتی پەروێزخان بایەخێکی بازرگانی و ئابوری و گەشتیاری بە ناوچەکە بەخشیووە، بەتایبەت ڕۆژانە لەم مەرزەوە سەدان تەن بەرهەم کاڵا و شمەک دەهێنرێتە ناوچەکە و ڕەوانەی ناوچەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق دکرێت. لەلایەکیترەوە دەتوانێت زۆرترین ژمارەی گەشتیار بۆ خۆی ڕابکێشت لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم بەتایبەتی گەشتیارانی ئێران و باشور و ناوەراستی عێراق، چونکە نزیکە لە مەڵبەندی کۆبوونەوەی دانیشتوان، بەتایبەت شاری بەغداد، ئەمەش وایکردووە وێستگەیەک بێت بۆ چێژوەرگرتن لە دیمەنە شوێنەواری مێژوویی و کەلەپورییەکانی ناوچەکە. سەبارەت ئەسترۆنۆمی ئیدارەی گەرمیان دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی (0"، 20'، 34°)، 0"، 0'، 35°)ی باکورو هەردوو هێڵی درێژی (0"، 40'، 44°)، (0"، 40'، 45° خۆرهەڵات، نەخشەی(2).

نەخشەی (1) شوێنی جوگرافی ئیدارەی گەرمیان بەپێی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان




سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەست بە بەکارهێنانی Arc GIS Arc Map V 10.2

نەخشەی (2) شوێنی ئەسترۆنۆمی و کارگێڕی ئیدارەی گەرمیان




سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەست بە بەکارهێنانی Arc GIS Arc Map V 10.2

## سێیەم: چەمکە گشتییەکانی سەبارەت بە بەبازاڕکردنی گەشتوگوزاری شوێنەواری و مێژووی و ئاینی

پیشەسازی گەشتوگوزاری کۆمەڵێک جۆری گەشتوگوزاری جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، هەریەکەیان پێداویستیی ئارەزووەکانی گەشتیار تێردەکات، ئەمەش دەوستێتە سەر سروشتی و چالاکی دامەزراوە و دامودەزگا گەشتوگوزارییەکانی ئەو وڵاتەی گەشتوگوزار بەڕێوە دەبەن.

1. **گەشتوگوزار:** یەکەمین پێناسە دەگەڕیتەوە بۆ ساڵی (1905) لەلایەن جوير فرۆيلەر(Guier Freuler) ئەڵمانی کرا، دەڵێت گەشتوگوزار ( دیاردەیەکە لە دیاردەکانی سەردەم، پێویستیەکی زۆرە بۆ پشوودان و گۆڕینی هەواو هەستکردن بە جوانی سروشت و گەشەکردنی ئەم هەستە هەستکردنە بە خۆشی و چێژ وەرگرتن بە مانەوە لەو ناوچانەی کە خاوەن سروشتێکی تایبەت بۆ حەوانەوە، هەروەها گەشتوگوزار بۆ گەشەکردنی پەیوەندییەکانە لە نێوان کۆمەڵگا جیاوازەکاندا) (ڕەشید، 2007، ل17-16). یان مەبەست لە گەشتوگوزار کۆمەڵێک دیاردە و چالاکی مرۆیی لە ئەنجامی گواستنەوەی تاکەکان بۆ دەرەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان، بە مەرجێک ماوەی مانەوەی لە (24) کاتژمێر کەمترو لە ساڵێک زیاتر نەبێت، بە سوود وەرگرتن لە بنەما سروشتی و مرۆییە گەشتوگوزارییەکان لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو، بە ئامانجی سوود وەرگرتن لە کاتەکانی بەتاڵی و پیادەکردنی چالاکییە خۆشگوزەرانییە گەشتوگوزارییەکان، لە ئەنجامدا بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی گەشتیار.
2. **بەبازاڕکردن:** ئەم چەمکە لەرووی زانستیەوە چەندین پێناسەی بۆ کراوە لەوانە یەکێک لە پێناسەکان کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ بەبازاڕکردن(American marketing association) بریتییە لە چالاکی و پرۆژەیەکی ئابوری ئاڕاستەکراوە بۆ کاڵا و خزمەتگوزارییەکان، لە بەرهەمهێنەرەوە بۆ بەکاربەر کە بەکارهێنەری پیشەسازییە (عبيد، 2016، ص30). لەلایەکی ترەوە لە فەرهەنگی بەبازاڕکردن بە مانای چالاکییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری هاتووە، لەچوارچێوەی دەوڵەتدا، بە ئامانجی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵگە بەهۆی گونجان لە نێوان بەبازاڕخستنی کاڵا و ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشکراو. بەهۆی بەرهەمهێنراوەکان لە نێوان داواکاری لەسەر کاڵا و ئەو خزمەتگوزارییانەی دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی خۆشگوزەرانی تاکەکانی کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی (نور،2002، ص57). بەبازاڕکردن لەڕوانگەی کەرتی گەشتوگوزاری پرۆسەی ناساندن و

خستنەرووی بەرهەمە گەشتوگوزارییەکانە، کە کۆمەڵێك چالاکی هەمەجۆر بە شێوازی و ئامرازی جیاواز بۆ ناساندن لەخۆدەگرێت، کە ڕەگەزی توانای بەبازاڕکردنی تێدایە، پرۆسەکە پەیوەندارە بە پلان و نرخ و کوالیتی و شێوازی خستنەرووی بەرهەمەکە و ڕازیکردنی خواست و دابینکردنی پێداویستی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ گەشتیار و هاوڵاتییان.

3. **بەبازاڕکردنی گەشتوگوزار**: چالاکییە کارگێڕی و تەکنیکیەی کە لەلایەن ڕێکخراو و دامەزراوە گەشتوگوزارییەکانەوە لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات ئەنجام دەدرێت، بۆ دەستنیشانکردن و کاریگەری لەسەر بازاڕی گەشتوگوزاری ئایندەی، بە ئامانجی پەرەپێدان و زیادکردنی جوڵەی گەشتوگوزاری بەدەست هێنانی زۆرترین بڕی داهاتی گەشتوگوزاری (عبید، 2010، ص41). یاخود پرۆسەیەکی ئاڕاستەکراوە بۆ گەشتیار بەمەبەستی دروستکردنی دیمەنێکی جوانی گەشتوگوزاری، بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بەرهەم و خزمەتگوزاری و بنەماکانی گەشتوگوزاری بە لەبەرچاوگرتنی خواست و پێداویستی گەشتیاران، ئەم پرۆسەیە لە ڕێگەی چالاکی هونەری و کارگێڕی و دەزگا و دەستەی ڕێکخراوە گەشتوگوزارییەکانی کەرتی حکومی و کەرتی تایبەت بە ئامراز و ڕێگای جۆراوجۆر جێ بەجێدەکرێت، لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، کە دەبێتە هۆی دیاریکردنی بازاڕی داهاتووی گەشتوگوزاری، ئامانج لێی زیادکردنی ژمارە و داهات و وەبەرهێنانی گەشتوگوزاری و گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی جوڵەی گەشتوگوزارە لە ئایندەدا (ڕوستی، 2024، ل8). کەواتە بەبازاڕکردنی گەشتوگوزار بریتییە لە چالاکی جۆراوجۆری دامەزراوە کۆمپانیا و نوسینگە گەشتوگوزارییەکان لە ڕێگەی ئامرازەکانی بەبازاڕکردنی گەشتوگوزاریەوە بەشێوازێکی سەرنجڕاکێش، بەئامانجی ناساندنی ناوچە و خزمەتگوزاییە گەشتوگوزارییەکانی وڵاتێکی دیاریکراو بەمەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران، جا چ لەسەر ئاستی ناوخۆی وڵات بێت یان لەسەر ئاستی دەرەوەی وڵات بەتایبەتی لەسەردەمی ئێستاماندا، کە داهاتی گەشتوگوزاری بە بەرزترین داهاتی زۆربەی وڵاتانی جهیان دادەنرێت.

4. **گەشتوگوزاری شوێنەواریی و مێژوویی**: پێویستە ئاماژە بەوە بکەین شوێنی شوێنەواری ئەو شوێنەیە کە پاشماوە و شوێنەواریی و مێژووی تێدا دۆزراوەتەوە، چالاکیەکی شوێنەوارییە کە مرۆڤ لە سەردەمی کۆندا ئەنجامی داوە لە رووبەرو و مێژوو و شێوەی خۆیاندا جیاواز دەبن بە جیاوازی ئەو سروشت و شارستانیەت و سەردەمەی دەگەڕێنەوە بۆیان (مارف و ئەوانیتر، 2019، ص99). گەشتوگوزاری شوێنەواری بەشێکی گرنگە لە گەشتوگوزاری کلتوری (ڕۆشنبیری)، ئەو جۆرە گەشتیارییە کە ئامانجی دۆزینەوە و شوێنەوارە مێژوویی پاشماوەی دێرینیی کلتوری کۆن و شارستانیەت دابونەریتی نەتەوە کۆنەکانی تێدا بەرجەستە دەبێت بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش. بەڵام ڕێکخراوی یونسکۆ بەم شێوەیە ناساندنی بۆ کردووە: ئەم جۆرە گەشتکردنە پەیوەندی بە ئەزموونی کلتورییەوە هەیە، لەوانەش شوێنە سروشتییەکان، بینا شوێنەواری و ئاسەوارییەکان، هونەر و شێوازی ژیان و بەها و داب و نەریت و بۆنە تایبەتەکان (بوعزیز، 2021، ص219). کەواتە چالاکیەکە گەشتیار دەتوانێت لەڕێگەیەوە ژیانی گەلانی تر ئەزمون بکات و لە دابوونەریتیان تێبگات و دەستنیشانی ژینگەی فیزیکی و شوێنەوارە مێژووی و کەلتورییەکان و شوێنەوارە کۆنەکان بکات، وەک سەردانکردنی جێگا مێژوویی و پاشماوە دێرینەکان و ئامادەبوون لە کەرنەڤاڵ و ئاهەنگە ڕۆشنبیرییەکان و بەئاگابوون لە ژیانی خەڵک لە وڵاتانی تردا لەژینگەیەکی نوێ و زانینی دابوونەریت و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی و شارەستانی و ڕۆشنبیری لە ڕابردوو ئێستادا، بەراوردکردنیان لەگەڵ شێواز و لایەنی ژیانی و کۆمەڵایەتی گەشتیار.

5. **گەشتوگوزاری کلتوری(ڕۆشنبیری):** چالاکیەکە گەشتیار دەتوانێت لەڕێگەیەوە ژیانی گەلانی تر ئەزمون بکات و لە دابوونەریتیان تێبگات و دەستنیشانی ژینگەی فیزیکی و شوێنەوارە مێژووی و کەلتورییەکان و شوێنەوارە کۆنەکان بکات، وەک سەردانکردنی جێگا مێژوویی و پاشماوە دێرینەکان و ئامادەبوون لە کەرنەڤاڵ و ئاهەنگە ڕۆشنبیرییەکان و بەئاگابوون لە ژیانی خەڵک لە وڵاتانی تردا لەژینگەیەکی نوێ و زانینی دابوونەریت و شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی و شارەستانی و ڕۆشنبیری لە ڕابردوو ئێستادا، بەراوردکردنیان لەگەڵ شێواز و لایەنی ژیانی و کۆمەڵایەتی گەشتیار.

6. **گەشتوگوزاری تاریک:** یەکێکە لەو چەمکە نوێیانەی بۆ یەکەم جار لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لەلایەن هەریەک لە (جۆن لینۆنJohn Lennon) و (ماڵکۆڵۆم فۆلیMalcolm Foley) لە توێژینەوەکانیاندا بەکاریانهێناوە، پێناسەیان کردووە بەوەی بریتییە لە سەردانیکردنی گەشتیاران بۆ ناوچە و ئەو شوێنانەی ڕووبەڕووی کارەساتی ڕاستەقینە بوونەتەوە بەهۆی پلانی دووژمن کارانە، یان ڕاکێشانی گەشتیارە بۆ ئەو شوێنانەی کە پەیوەستن بە ڕووداوەکانی مردن و کارەساتی نوێ و دیاردەی مێژووییەکان (Lennon, 1996, p. 198). ئەتوانین بە چالاکیەک پێناسەی بکەین کە هەڵئەستێت بەگواستنەوەی تاک بۆ ماوەیەکی کاتی لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی بۆ ناوچەیەک کە یەکێک یان زیاتر لە کردەکانی ترس و تۆقاندن و مردنی بەکۆمەڵ و جینۆساید و سزادان و لە سێدارەدانی بەکۆمەڵ یان کارەساتی سروشتی وەک زەمین لەرزەو بورکان و ڕۆچوونی خاک هیتر تیایدا ڕووی دابێت، کە بریتییە لە حەزو خولیای گەشتیار بۆ سەردانیکردنی ئەو ناوچانەی کە بە شوێنەواری مردوو ناسراون بە ئامانجی جۆراوجۆری

وەک کۆکردنەوەی زانیاری یان دەربڕینی هاوخەمی بۆ کەسوکاری قوربانیان (تۆفیق، 2024، ل23). ئەمجۆرە گەشتوگوزارە لە ئەنجامی ڕوودانی کارەساتی سروشتی و مرۆیی دروست دەبێت کە شوێنەوار و کاریگەری لەسەر ناوچەکە بەجێدەهێڵێت، یادەوەری و مێژوویەکی تاریک لەسەر لە بیر و ژیانی دانیشتوان دروست دەکات، بۆیە گەشتیاران ئارەزوو دەکەن سەردانی شوێنی ڕووداوەکە بکەن و وردەکاری زیاتر لەسەر شوێنەکە و جۆری کارەساتەکە بزانن.

### تەوەری دووەم: دابەشبوونی جوگرافی ناوچە شوێنەوارە مێژوویی و کەلەپوریەکانی ناوچەی لێکۆلینەوە

ئیدارەی گەرمیان یەکێکە لە ناوچە دەوڵەمەندەکان لەڕووی شوێنەوارەییەوە، خاوەن شارستانێتییەکی زۆر کۆنە و گرنگییەکی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە مێژووی ئەم ناوچەیە بۆ هەزارەی دووەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە لەو سەردەمەی کە کاشییەکان تیایدا ژیاون، چەندین شوێنەواری مێژوویی و ئاینی کەوتۆتە سنوری ناوچەکەوە کە گەواهیدەرن لەسەر ئەوەی بەدرێژایی مێژوو ئەم ناوچەیە ئاوەدانی تێدا بووە، ئەگەر گوزەرێک بە ناوچەکەدا بکەیت و ئەبینی مۆرکێکی مێژوویی پێوە دیارە کە ئەمەش مایەی سەرنجی زۆرێک لەو گەشتیارانەیە کە سەردانی ئەم شارەیان کردووە، بەتایبەت ئەو توێژانەی بایەخ بەو جۆرە دیاردانە دەدەن وەک پسپۆڕانی بواری مێژوو و شوێنەوار و گەشتوگوزار، مامۆستایان و خوێندکارانی زانکۆ، بوونی هەموو ئەو شوێنەوارانە ئاماژەیە بۆ مێژووی دێرینی ناوچەکە، لێردا باس لە لە شوێنەوارە مێژوویی و کەلەپووریە گرنگەکانی ئیدارەی گەرمیان دەکەین کە لەلایەن بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان تۆمارکراون:

### یەکەم: شوێنەوارە مێژوویی و کەلەپووریەکانی قەزای کەلار

بەپشت بەستن بەبەڵگە شوێنەواریی و مێژووییەکان، بەشێوەیەکی پوخت باس لە بنەما مێژوویی و شوێنەواری کەلەپوریەکانی قەزای کەلار دەکەین، مێژووی ئەم ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە کۆنەکان کە ژمارەیەک شوێنەواری مێژووی تیادا دۆزراوەتەوە، مێژووییان بۆ سامەڕا و حلف و سەردەمی کۆیلەکان و ئاشوری پێش ئیسلام و سەردەمی ئیسلام دەگەڕێتەوە، بۆیە لە دێرزەمانەوە ئاوەدانی ژیانی تیادا هەبووە. خاوەنی چەندین پاشماوەی مێژووی و شوێنەواری کۆنە:

1. **قەڵای شێروانە:** قەڵایەکی کۆنی مێژوویی و سیاسی و ستراتیژییە کە دەکەوێتە بەشی باشوری خۆرهەڵاتی شاری کەلار، ناوەندی ئیدارەی گەرمیان نەخشەی (3)، بەدووری (126)کم دەکەوێتە باشوری پارێزگای سلێمانی. لە ساڵی (1866 – 1874) لە لایەن محەمەد پاشای جاف دروستکراوە، لەسەر تەپۆڵکەیەک کە بەپێ ئەو پشکنینانەی ئەنجامدراوە پاشماوەی سەردەمی کاشی و ئەشکانی و ساسانی تیایدا دۆزراوەتەوە، مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە (3)هەزار ساڵ پێش ئێستا. ڕووبەری قەڵاکە (320) مەتری دووجایە و بەشێوازی چوارگۆشە لە خشتی سور و بەرد و گەچ و قسڵ و داری چنار و قامیش دروستکراوە، دوو جۆر خشتی تێدا بەکار هاتووە، ئەوانیش جۆرێک خشتی ئاشوری و بابلییەکانی پێ دەڵێن و جۆرەکەی تریشیان خشتی سوورکراوە. قەڵاکە یەک دەرگای سەرەکیی هەیە کە بەشێوازی کەوانەیی نیوەبازنەیی دوو لایە و لە دار دروست کراوە و دەکەوێتە بەشی باشوورەوە، پێکهاتەکانی هەر نهۆمێکی بریتییە لە نهۆمی یەکەم دوو ژووری گەورە و دوو هۆڵ و چوار ستوون بۆ ڕاگرتنی قەڵاکە تاوەکو نهۆمی دووەم دەچێت، نهۆمی دووەمیش چوار ژوور و یەک هۆڵ و نهۆمی سێیەمیش تەنها یەک ژوورە و بە شێوازی کەڵاو فەرەنگی سەرنج ڕاکێشە، پەنجەرەکانی هەر نهۆمێکیش بەشێوازی کەوانەیە و لە دار گوێز دروستکراوە. لە دوای نۆژەنکردنەوەی ساڵی (1998) قەڵاکە بەکارهێنرا وەک فەرمانگەی شوێنەواری کەلار و مۆزەخانەی کەلەپوری گەرمیانی تیادا دامەزراوە لە یەک بەش پێکهاتووە و خاوەن (150)پارچە کەرەستەی کەلەپوری جیاوازە کە مێژووییان دەگەڕێتەوە بۆ (50 – 100) ساڵە وەک ( تفەنگی کۆن، دراوی ئاسنی عێراقی، کەلوپەلی ناو ماڵ، سەماوەر، دەلە، دەستار، مەشکە، ئامێری کشتوکاڵی سەرەتایی، هیتر) . ئەمەجگەلەوەی مۆزەخانەی قەڵا هەموو ڕۆژەکانی هەفتە کراوەیە، خەڵک و گەشتیارە ناوخۆ و بیانییەکان و خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکانی ناوخۆ و دەرەوە بە ڕێژەیەکی زۆر سەردانی دەکەن، بەتایبەت لە ڕۆژانی جەژن و بۆنە ئاینیی و نیشتمانییەکان لەم قەڵایە بەڕێوەدەچن (علي، 2014، ل132). لەئێستادا قەڵای شێروانە وەک شوێنەوارێکی مێژوویی بۆ شاری کەلار بەتایبەتی و ئیدارەی گەرمیان بەگشتی گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و بووەتە سیمبولێکی مێژوویی و گەشتیاری لە ناوچەکەدا **وێنە (1).**

2. **قەڵای پاشا (کۆشکی مەحمود پاشای جاف):** دەکەوێتە گوندی تازەدێ بە دووری (9)کم، لە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری کەلار بەدووری (17)کم، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم، کۆشکە لە ڕووی بیناسازییەوە پێکهاتووە لە یەک بەشی سەرەکی دووبەشی لاوەکی، بەشە سەرەکیەکەی کوشک دەکەوێتە دۆڵێکەوە ڕووەو ڕۆژهەڵات لە دوو نهۆم پێکهاتووە، بەشی دووەم لەسەر تەپۆلکەیەکی سروشتی دروستکراوە دەکەوێتە ڕۆژئاوای بەشە سەرەکیەکەی کۆشک ڕووی لەباشورە دەڕاوانێت

بەسەر رووباری سیراوان دا شێوەی لاکێشەیی هەیە کە پێدەچێت تەرخان کرابێت بۆ کۆگا و جێگەی تایبەتی ئەسپ و ئاژەڵی بارهەڵگر، لای باشورەوە بینایەکی تری بچووک هەیە، پێکهاتووە لە چەند ژوور و دیوەخانێک بەسەر بەرزاییەکەوە دروست کراوە وەک وێستگەیەکی پێشوازی میوانان و سەردانیکەرانی کۆشەکە بەکارهێنراوە (شوێنەواری گەرمیان، 2014). ئەو مادە کەرەستانەی لە دورستکردنی قەڵاکە بەکارهاتوون بریتین لە بەرد و قسڵ و تاوێری لمی و خشت، وێنەی(1). ئەم قەڵایە بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی و پێکهاتەی سروشتی دەوروبەری دیمەنێکی جوان و سەرنج ڕاکێشی هەیە، گەشتیارانی ناوچەکە لە هەموو وەرزەکاندا سەردانی دەکەن.

وێنەی (1) قەڵای شێروانە



وێنەی (2) قەڵای پاشا(کۆشکی مەحمود پاشای جاف)



سەرچاوەی وێنەی (2,1) بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار ی گەرمیان/ بەشی ڕاگەیاندن

3. **جۆگەی گاوری**: ئەم جۆگەیە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری کەلار لە کەناری رووباری سیراوان دەست پێدەکات، بە چەند قۆناغێک ناوەندی شار دەبڕێت و بەرەو ئاڕاستەی باشور درێژ دەبێتەوە، مێژووەکەی بۆ سەدەی حەوتەمی زاینیی سەردەمی ساسانیەکان دەگەڕێتەوە. ئەم جۆگەیە بەپێی سروشتی تۆبۆگرافیایی ناوچەکە دروستکراوە بەجۆرێک لەو زەویيانەی کە بەرزبوون بە هەڵکەندنی زەویدا ڕۆیشتووە، بەڵام لەو زەوییانە نزم بوون شێوەی تونێلی سەرکەوانەیی وەک(کارێز) وەرگرتووە. لەنێو چەمی وەرزیدایە و بەمەبەستی ئاودێری و کاری کشتوکاڵکردن بەشێوەیەکی ئەندازیاری هونەریی و نموونەی سەرنج بە بەردی ئیسفنجی و قسڵ و گەچ و دیوارەکانی لە بنکەوە بۆ سەقف بونیادنراوە بەشی سەرەوەی شیوەی گۆمەزی وەرگرتووە، درێژییەکەی چەند کیلۆمەترێکە و پانیەکەی (3)م بە بەرزی (185)سم، بەڵام بەهۆی گۆڕانکاری کەش و هەوا بەشێکی زۆر لەناوچووە و کاری نۆژەنکردنەوە بۆ ئەنجام نەدراو(حامید، 2019، ل46)، وێنەی (3).
4. **باجگەی پەیکوڵی**: دەکەوێتە گوندی بەرکەل سەر بەناحیەی شێخ تەویلی سەر بە قەزای کەلار، بە دووری (60)کم لە باکوری ڕۆژئاوای شاری کەلار دووره، مێژووەکەی بۆ سەردەمی پادشای ساسانی نرسی ساڵی (293-303)ز دەگەڕێتەوە، شێوەی چوارگۆشەی هەیە و لەبەردی داتاشراوی ڕێک هەڵبەستراوە، وێنەی (4)، بەڵام ئێستا تەنها بەشی ناوەوەی ئەم شوێنەوارە لەگەڵ کۆمەڵێک بەردی داتاشراوی سادە بەدەوربەریدا. لەرووی شێوەی ئەندازیارییەوە وەک بورجێک وەهایە و بەمانای تاج لەسەر دانانی ئەو پادشایە بۆ گرتنە دەستی تەختی شاهانەی ساسانی دروستکراوە، گرنگی پەیکوڵی لەوەدایە کە بەسەر دیوارەکانیدا نووسراو بە هەر دوو زمانی پەهلەوی ئەشکانی وپەهلەوی ساسانی هەبووە، یەکێک لە درێژترین دەقەکانی ئەو زمانەیە دیوارە نووسراوەکانی چەند بلۆکی بەردین بوون کە هەندێکیان ون بوون و ئەو بەردانەی کە نووسراوەیان هەبووە ئێستا لە مۆزەخانەی سلێمانی پارێزراون و هۆڵێکی تایبەت بەم شوێنەوارە کراوەتەوە. لە ساڵی (2006) تیمێکی شوێنەوارناسی ئیتالی کاریان لەسەری کردووە (ڕێبەری شوێنەاوری گەرمیان، 2014). بەڵام سەرەڕای ئەوە بە گشتی هیچ هەوڵێکی ئەوتۆی بەرفراوان لەلایەن دەزگا کلتوری و گەشتیارییەکانی ناوچەکە نەدراوە بۆ ناساندنی ئەو شوێنەوارە گرنگە مێژووییە.
5. **گۆڕ گڵێنەکانی بەرلوت**: بریتین لە شوێنەواری دوو گوڕی گڵێنەیی شێوە هێلکەیی لە گوندی بەرلوت دۆزراونەتەوە بەدووری (7)کم لەباکوری ڕۆژهەڵاتی شاری کەلار، پێدەچێت گۆڕی ژن و مێردێک بن یەکێک لە گۆڕەکان گۆڕی ژنێکە کۆمەڵێک شوێنەواری کلدانی چاو و مۆر کەمەربەندی تیادا دۆزراوەتەوە، مێژووی ئەم گۆڕانە بۆ (150-288)ز دەگەڕێتەوە.

| وێنەی (4) باجگەی پەیکولی | وێنەی (3) جۆگەی گاوری |
| --- | --- |
|  |  |

سەرچاوەی وێنەی (4,3) بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار ی گەرمیان/ بەشی راگەیاندن

6. **گردی رەحیم:** ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە ناحیەی رزگاری بەدووری (7)کم لەباکوری رۆژئاوای شاری شاری کەلار، بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان لە ساڵی (2012) بۆماوەی یەک ساڵ کاری کنە و پشکنینی تیادا ئەنجامدا، گلێنەی نەخشیندراوی شارستانییەتی حەلەف و بینای بازنەیی شێوازی سولی تیادا دۆزرایەوە مێژووی ئەم نیشینگەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شارستانیەتی حەلەف لەچاخی بەردینی (هەزارەی پێنجەمی پ.ز). هەروەها چەندین شێواز لە نەخشی رەنگا و رەنگ لەسەر گۆڕەکان دۆزراوەتەوە، لە گرنگترین ئەوە نەخشانە وێنەی چەند مرۆڤێکە، مرۆڤەکان زیاتر لە ئافرەت دەچن، وێنەکە دیمەنی هەڵپەڕکێ نیشان دەدات، ئەمەش دۆزینەوەیەکی گرنگە سەبارەت بە هەڵپەڕکێ کوردی (حامید، 2019، ل50).

7. **ئارامگای سەید خەلیل:** ئارامگایەکی دێرینە و ناسراوە بە ناوی ئیمام زادە، بە دووری (7)کم باکوری شاری کەلار، زۆرترین بینانی شوێنەاوری کەلەپوری لە خۆگرتووە ژمارەیان دەگاتە زیاترە لە (24)بینا، وێنەی(5). بیناکانیش دوو جۆری سەرەکین یەکێکیان بنیای سەرداپۆشراوە و ئەوی تریان بینانی سەر ئاوەڵایە لەرووی بیناسازییەوە بە چەندین جۆرو شێوەی گۆمەز قوبەی زەردەشتیەکان بونیادنراون، بە بەکارهێنانی کەرەستەی سەرەتایی بەرد و قسل و قرو گەچ کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆکۆتایی سەدەی هەژەیەم و کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم، بەڵام ئەو گردەی ئارامگای سەید خەلیلی لە خۆگرتووە مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە چەندین پاشماوەی هەزارەی شەشەمی پێش زاینی تێدا دۆزراوەتەوە(محمد، 2023، ل287). لەئێستادا بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری گەرمیان دوان لە بیناکان نۆژەن دەکاتەوە بەمەبەستی پاراستنی و پیرۆزی شوێنەکە گەشتیار و خەڵکی ناوچەکە سەردانی دەکەن.

8. **قولەی گوندی احمد قادر:** یەکێکە لەو کۆمەڵە قولانەی دەکەوێتە باکوری رۆژهەڵاتی کەلار بە دووری (32)کم، لە نێوان کەلار و دەربەندیخان بەدرێژایی کەناری رووباری سیراوان لەلایەن عوسمانیەکان دروستکراون ژمارەیان (14) قولە دەبێت، بەگشتی لە دوو نهۆم پێکهاتوون و بەشی خوارەوەیان شێوە بازنەیی کە تیرەکەی نزیکەی (5)م دەبێت وێنەی (6)، لەناوەراستەوە دیوارێکی تێدایە و ژوورەکە بۆ دوو بەشی سەرەکی باکورو باشور دابەش دەکات. بەشی باشور دابەش دەبێت بۆ دوو ژووی بچوک لە رۆژهەلات و رۆژئاوای قولەکە، نهۆمی خوارەوە دوو دەرگای رووە و باشور رۆژئاوا تێدایە و یەک دەرگای سەرەکیان هەیە، بەشی خوارەوە نزیکەی (9) تاق تێدایە بەشێوەی یەکسان دابەشبوون بەدەوری قولەکەدا. هەروەها تاق دوکەڵ کێش لە ناوەراستی ژوورەکەدا هەیە و بەرزی ئەم قولانە (2.8)م دەبێت، لەدروستکردنی قولەکان کەرەستەی وەک (بەردی تاوێر، قسڵ، گەچ، بەردی قایە، خەلۆز، داری حەسیرو خشتی سورەوەکراو) بەکارهاتوون. ئامانج لە دروستکردنیان چاودێکردنی جمجوڵی ناوچەکانی دەروبەری رووباری سیراوان بووە، بەهۆی ئەو تایبەتمەندییە سەربازیانەی لە قولەکاندا هەبووە.

وێنەی (5) قولەی گوندی احمد قادر وێنەی (6) ئارامگای سەید خەلیل





سەرچاوەی وێنەی (6,5) بەرێوبەرایەتی شوێنەوار ی گەرمیان/ بەشی راگەیاندن


9. **مۆزەخانەی گەرمیان:** لە ئیدارەی گەرمیان دوو مۆزەخانەی گرنگ لە بەرێوەبەرایەتی شوێنەواری گەرمیانە یەکێکیان تایبەتە بە کەرەستە شوێنەوارییەکان و ئەوی تریان بە کەلوپەلی کوردەواری، لە چوارچێوەی ئەو مۆزەخانانەدا بەشی شوێنەوار ناسی کراوەتەوە بۆ ئەوەی زانیاری بە گەشتیاران بدرێ. ئەوەی تایبەتە بە مۆزەخانەی فلکلۆری لەساڵی (2003) فەرمانگەی شوێنەواری گەرمیان، بەشێک لە قەڵای شێروانەی کردە مۆزەخانەی فۆلکلۆری، ئەو کەلوپەلانە لەخۆدەگرێت کە تایبەتە بەدابوونەریتی ناوچەکە وەک جل و بەرک و کەلوپەلی سەرەتایی کشتوکاڵی و پێداویستی ماڵان کە خەڵکی ناوچەکە لەڕابردوویەکی نزیکدا بۆ کاری رۆژانەی خۆیان بەکاریانهێناوە. ئەوەی تریان بە چوارەمین مۆزەخانەی شوێنەواریی لە هەرێمی کوردستان دادەنرێت، لە رۆژی ( 2014-03-16)دامەزراوە و بووتە شوێنێک بۆ پاراستنی سەدان پارچە شوێنەواری گرنگ کە لە سەردەمە جیاوازەکان پێکهاتووە. ئەم مۆزەخانەیە لە دوو هۆڵی گەورە پێکدێت و بەشێکی زۆری پارچە نمایش کراوەکان هی ناوچەی گەرمیانن، مێژوویان بۆ سەردەمە جیاوازە وەک( چاخی بەردینی نوێ، سەردەمەکانی پێش ئیسلام، ساسانی، ئەشکانی، ئیسلامی وهیتر) دەگەرێتەوە، لەوانە مۆر و دراوی سەردەمی ئەسکەندەری مەقدۆنی و جامی ئاو خواردنەوەی زەمبورد و زێڕ و گۆزە و تەسبیح و ملوانکە و پەیکەری سەرکردە و خواوەندەکان و کوپ و بەرد و وێنەی باڵندەی جۆراوجۆر و کۆنترین پارچە شوێنەواری ئەم مۆزەخانەیە گۆزەیەکەیە، کە مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ (4500) ساڵ پێش زاین، لە تەپەی ڕەحیم لەناحیەی ڕزگاری سەر بەقەزای کەلار دۆزراوەتەوە. لە ئێستادا مۆزەخانەی گەرمیان یەکێکە لە مۆزەخانە دێرین و سەرنجڕاکێشەکان کە ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتی و گەشتیارانی ناوچەکە و دەرەوە رۆژانە سەردانی دەکەن، وێنەی (7).

وێنەی (7) مۆزەخانەی گەرمیان



سەرچاوەی وێنەی (7) بەرێوبەرایەتی شوێنەوار ی گەرمیان/ بەشی راگەیاندن

نەخشەی (3) دابەشبوونی جوگرافی شوێنەواره مێژووی و کەلەپورییەکانی ئیدارەی گەرمیان




سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەست بە بەکارهێنانی Arc GIS Arc Map V 10.2

## دووەم: شوێنەوارە مێژووی و کەلەپوورییەکانی قەزای کفری

قەزای کفری یەکێکە لە قەزا زیندووەکانی ئیدارەی گەرمیان، لە رووی شوێنەواری و مێژووی و شارستانی، بەتایبەتی لەرووی بیناسازی شوێنەواری مێژوویی و کەلەپورییەوە، لە کۆندا بەناوبانگ بووە بە بیناسازی کۆشک و قەیسەری و خانووی کەلەپوریی و گۆمەزی سەر گۆرەکان. بۆیە ئەبینی مۆرکێکی مێژوویی پێوە دیارە کە ئەمەش مایەی سەرنجی زۆرێک لەو گەشتیارانەیە کە سەردانی ئەم ناچەیان کردووە، لە گرنگترین ئەمانەن[1]:

1. **کۆشکی مەجید پاشا:** یەکێکە لە شوێنەوارە کەلەپووری و سیاسی و رۆشنبیریی دێرینەکانی سنورەکە و جێی بایەخی خەڵکی دەڤەری گەرمیان و گەشتیارانە، ئەم کۆشکە دەکەوێتە رۆژئاوای شاری کفری نزیک قەیسەری کۆن نەخشەی (4)، (مەجید پاشای قادر بەگ) بنیادی ناوە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم (عبداللە وئەوانیتر، 2019، ل446)، لەسەر رووبەرێکی فراوان بونیاد نراوە زیاتر لە(800)م، کە حەوشەیەکی گەورەی هەیە و پێکهاتەی سەرەکی کۆشکەکە لە بەرد و خۆڵ و قسڵ کفری دەوروبەری بەشێوازێکی کۆنی ئەو سەردەمە دروستکراوە، وێنەی (8). ئەم کۆشکە لە دوو نهۆم چەند ژوورێک پێکهاتووە نهۆمی یەکەم لە دوو ژوور و هۆڵێکی گەورە پێکهاتووە لەناو ژوورەکاندا چەندین تاقی گومەزەی سەرنج ڕاکێش بەدی دەکرێت، لەبەشی لای ڕاستی نهۆمی یەکەمدا دەرگایەک بەبەرزی (1.5)م دێتە بەردەم بەرەو ژێر زەمینەکە دەڕوات، ئەزموونێکی هونەری ئەندازیاری و تەلارسازی تیادا بەرجەستەکراوە وەکو (ڕووناکی هەوایی، دەلاقە) بەشێوازی ستوونی، لەبەشی رۆژهەڵات ژێر زەمینەکە دەرگایەکی تونێلی هەیە بەدرێژی نزیکەی (20)م، ئەم ژێرزەمینە شوێنی ڕێوڕەسمی یەهودییەکان بووە، کەلوپەلی تایبەت بەخۆیان تیادا ماوە پارێزراوە (سلیم،2025، ل424).

---

[1] سەبارەت بە شوێنەوارە مێژووی و کەلەپوورییەکانی قەزای کفری، بەشێکی زۆری شوێنەوارەکانی قەزاکە دەکەوێتە ناوەندی کفرییەوە، بۆیە لە نەخشەی (3) بەهۆی نزیکی پۆینتەکان، وامان بە باشزانی کە نەخشەی پەیوەست بە ناوەندی کفری دروست بکەین بەجیا.

نەخشەی (4) شوێنەوارە مێژووی و کەلەپوورییەکانی ناوەندی کفری




سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەست بە بەکارهێنانی Arc GIS Arc Map V 10.2

2. **سەرای کفری:** دەکەوێتە ڕۆژئاوای کفری مێژوویەکی کۆنی هەیە، لە ساڵی (1918) بەریتانیەکان دەستیان بەدروستکردنی کردووە لەسەر شێوازی بیناسازیی ئینگلیزییەکان لەساڵی (1923)تەواوبووە، تاوەکو کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، وەکو فەرمانگەی حکومی بەکارهاتووە، لە دوو نهۆم و حەوشەیەکی گەورە پێکهاتووە لەسەر ڕووبەری(2800)م و ڕووبەری بیناکە (600)م، شێوەیەکی لاکێشەیی هەیە، مادە پێکهێنەرەکانی بەردی داتاشراوی مەرمەڕ و قسڵ و گەچ، ئاسن، داری جاو پێکهاتووە لە (16) ژوور و بینایەکی بچووک کە میچەکەی بە شێوازی گومەزی دروست کراوە و سێ ژووری هەیە، لە دەروازەیەکی سەرەکی و (19) دەرگا پێکهاتووە و هاوشێوەی سەرای سلێمانی دروستکراوە، یەکێکە لە گرنگترین شوێنەوارەکان کە سیمایەکی گرنگی کەلەپووریی هەیە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیارانی ناوخۆ و بیانی(محمد، 2024، ل298). لە بەرواری (2022/1/16) بە بڕیاری حکومەتی هەرێم، ئەم سەرایە بە هەمان شێوازی بیناسازیی کۆن و بە بەکارهێنانی هەمان کەرەستەی بیناسازی نۆژەن کراوەتەوە و باخچەیەکی مۆدێرن لەبەردەمی درستکراوە (سلیم،2025، ل424)، وێنەی(9). لە ئێستادا بووتە ناوەندێکی گەشتوگوزاری شوێنەواری کلتوری و کەلەپوری، چەندین گروپی گەشتیاریی و ژینگە پارێزی و خوێندکاران لە ناوچە جیاوازەکانەوە سەردانی دەکەن. جگەلەوە مانگانە چەندین چالاکی هونەری و کەلەپوری و شێوەکاری تیادا ئەنجام دەدرێت.

3. **ئاشی قازی (ئاسیاوی قازی):** دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی شاری کفری بە دووری (2)کم، کە دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای ناحیەی سەرقەڵا بەدووری (8)کم، هەروەها لەباکوری خۆرئاواوە قەزای کەلار بە دووری (34)کم لە نێوان بەنداوی باوەشاسوار و ئارامگاکانی باوەشاسوار، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم. هۆکاری دروستتکردنی ئەم ئاشە بۆ ئەوە دەگەڕیتەوە کفری ناوەندێک بووە بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی و بردنی شمەک و خواردن بۆ ناوچە دوورەکان و بەشێکی زۆری ناوچەی گەرمیان، هەروەها جوگرافیای ناوچەکە و بەرزونزمی و سەرچاوەی ئاوی یەکێک بووە لە هاندەرە سەرەکییەکانی دروستکردنی ئاسیاو لە ناوچەکەدا (محمد، 2025، ل166-167). پێکهاتەی بیناسازی ئاشەکە ئاشەکە لە بەرد و گەچ و قسڵ بەشێوازێکی گۆمەزەی ئەندازەیی جوان و قەشەنگ دروستکراوە، لە ناوچەکە ناسراوە بە بەردی قایە، لە دوو ژوورو تاوەرێکی لوولەیی بەرز پێکهاتووە بە بەرزی (6)م، تیرەی تاوەرەکە لەبەشی سەرەوە (1.5)م لە بەشی خوارەوەی (1.40)م و سەرکەوتن بۆ تاوەرەکە بە پلیکانەیەکی لوولپێچی دەبێت. وێنەی (10). هەروەها لە چوار ژوور پێکهاتووە دابەشکراون بەسەر ڕووبەری ئاسیاوەکەدا یەکێک لە ژوورەکاندا ئاوی ڕووبارەکەی پیادا تێپەڕیووە، ژوورەکەی تر تایبەت کراوە بۆ بەردی ئاشەکە، بە یەکێک لە شوێنەوارە دێرینەکان ئەژمار دەکرێت، چونکە قەزای کفری ناوچەیەکی گرنگی بازرگانی و کشتوکاڵی بووە و ئەو ئاشانە ڕۆڵی گرنگی لە دابینکردنی ژیانی ئەو سەردەمەدا بینیوە (هاوسەر ، 2019، ل 445).

4. **قەیسەری کفری:** یەکێک لەو بازاڕانە مێژووی دروستبوونی بۆ کۆتاییەکانی سەدەی (19) دەگەڕێتەوە، بە دەستی وەستا سەمەد کەرکوکی بە مەبەستی بازرگانی دروستکراوە، چونکە لەو سەردەمەدا کفری ناوەندێکی گرنگی بازرگانیی بووە لە نێوان ناوچە کوردنشینەکان و عێراق، شوێنی کۆبونەوەی بازرگان و ئەو خەڵکانە بووە کە پێیدا گوزەریان کردووە (احمد، 2017، ل7). لەرووی ئەندازیارییەوە سەرنجڕاکێش بووە و توانیویەتی (168) دوکان و چوار خان و چوار کاروان سەرا و سێ دەروازی سەرەکی لەخۆ بگرێ، کە بۆ چەندین جۆر لە پیشە کۆنەکانی وەك بەرگدوری، وردەواڵەفرۆش، مسگەری، سەڕاج، پینەدۆز، هەللاج، پاڵانچی، دارتاش، ئاسنگەر، گۆزەچی و ناڵبەند و چایخانە، چێشتخانە، نانەواخانە، چەند پیشەی دیکەبەکار هێنراون. ئەو کەرەستانە کە قەیسەری کۆنی کفریی پێی دروست کراوە، بەگشتی لە کەرەستەی خۆماڵی وەك (بەردی قایم، تاوێر، گەچ و قسڵ، خوبرە) پێکهاتووە(علی، چاوپێکەتن،2024/11/28) وێنە (11). لە ئێستادا قەیسەرییەکە بەشێکی زۆری رووخاوە و بەشێکی کەمی نەبێت هەمووی چۆڵ کراوە و مەترسیی داڕووخانی لەسەرە، بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا و کۆنیی بیناکە و نۆژەنەنەکردنەوە.

5. **ئاسکی کفری:** لە گرنگترین تەپۆڵکە شوێنەوارییەکانی ناوچەی کفری و گەورەترینیان لەرووی قەبارەوە بە درێژیی (400) و بەرزیی (50)م، لەکۆندا سەنتەرێك بووە بۆ ناوچەیەکی فراوان و بەدرێژایی چاخەکان چەند ناوێکی جۆراوجۆری بەخۆوە دیوە لەوانە: (کیماش، کیبرات،کبرو، لاخیرو) و بە(کفریی کۆن) ناوبراوە، لەبەرئەوەی شوێنی کۆنی کفریی ئێستا بووە (عزیز،2013، ل 125)، دەکەوێتە باشوری خۆرئاوای کفری بەدووری (7)کم، کە لە کفری نزیک دەبیتەوە گردێکی زۆر گەورە دەکەوێتە دەستە ڕاستەوە ئەو گردە گردی ئاسکی کفرییە، مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشورییەکان(مستەفا، 2022، ل845). وێنە (12).

وێنەی (8) ماڵی مجید پاشای بابان



وێنەی(9) سەرایی کفری



ئەم وێنەیە لەلایەن توێژەر گیراوە بەرواری 2025/2/25

وێنەی (10) ئاشی قازی



وێنەی (11) قەیسەری کفری



سەرچاوەی وێنەی (11,10,8) بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری کفری/ بەشی ڕاگەیاندن

6. **ئارامگای باوەشاسوار**: بە گۆڕستانی بناری شاخی باوەشاسوار لە کفری ناودەبرێت، لە (30-35) گومەزەی دێرینی مێژووی و شوێنەواری پێکهاتووە، مێژووەکەیان بۆ (200)ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە سەردەمی ساسانیەکان، بوونەتە جێی سەرنجی پسپۆڕانی بواری شوێنەوارناسان و گەشتیاران. گومەزەکان لەسەر گۆڕی کەسایەتییەکان دروستکراون و هۆکارەکەی بۆ دابوونەریتی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە، لەبەرئەوەی لەو سەردەمەدا کەسوکاری مردوان بە چەند کاتژمێرێک لەسەر گۆڕەکان دەمانەوە، بۆ ئەوەی تێکەڵ و بەریەکەوتن دروست نەبێت (محمد، 2024، ل290). ئەم ئارامگایانە لەڕووی هونەری بیناسازی چەند شێوەیەک لەخۆ دەگرن، ئارامگای تاک ژوور، دوو ژوور، سێ ژوور یان زیاتر، ئەمانە ئارامگای خێزانین و لەڕووی هونەرییەوە شێوازێکی ستوونی سێ چینی تایبەتی تێدا بەکارهاتووە، بەچەندین یەکەی بیناسازی ڕازێنراوەتەوە وەک مقرنسات و کەوانە و تاقی داخراو....هیتر، جگە لەوەی هەموو ئارامگاکان تابلۆی تایبەت بەخۆیان هەیە لەچەندین جۆر بەردی قایە و بەردی لمین و قسڵ گەچی بۆر دروستکراون کەنوسینی عەرەبی بەخەتی جۆراوجۆر و هەندی هێمای وەک گوڵ و مانگ و ئەستێرەکان لەسەرە (کەناڵی گەلی کوردستان، 2023/9/15)، وێنەی (13).

7. **گەرماوی کفری (پاشا):** بە یەکەم گەرماوی ژێر زەوی دادەنرێت لە هەرێمی کوردستان، دەکەوێتە باکوری کفری لە نزیک کۆشکی مەجید پاشای بابان و قەیسەریی کۆن کفری، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، لەسەر دەستی بابانیەکان دروستیان کراوە، چونکە لەو سەردەمە کفری بەهۆی بوونی قەیسەریی تیایدا ناوەندێکی گرنگی بازرگانی بووە، بازرگانەکانی گەرمیان و سلێمانی و بەغدا لە کاتی سەردانیان بۆ کفری، لەو گەرماوە خۆیان شۆریوە. شێوازی دروستکردنی گەرماوەکە گۆمەزە و رووبەرەکەی(100)م2 پێکهاتووە لە ژوورێک و هۆڵێکی گەورە بۆ پێشوازی و خۆگۆڕین، کە تیایدا شەش ژووری خۆشووشتن هەن و قەبارەی هەر یەکەیان پانی و درێژییەکەی (2)م، هەر ژوورێک سێ لای داخراو و یەک لای کراوەیە و لە هەر ژوورێکدا تەنیا شوێنی دوو کەس دەبێتەوە، هەر ژوورێک(2) حەوزی بچووکی تێدایە، لەگەڵ بۆریی ئاوی سارد و گەرم (کەناڵی ئاسمانی رووداو،sep,25 2021 ) لە ناوەڕاستی هۆڵەکە سەکۆیەکە کە شوێنی مەساج و لیفکەلێدان بووە، هەروەها ژووری حەوتەم لەنێو هەمان هۆڵ، شوێنی حەوزی ئاوی گەرم بووە، کە بە نەوتی ڕەشی کفری لەگەڵ دار، ئاوەکە گەرم کراوە،

ئاوی گەرماوەکە لە کارێزەکانی کفری دابنیکراوە، ئەم گەرماوە تاوەکو ساڵی (2003) بەکارهاتووە (ماڵپەڕی باسنیوز، 2023/05/13). بەڵام لە ئێستادا ناوەوەی گەرماوەکە بە چەندین تابلۆی هونەری و کەلەپوری هونەرمەندان ڕازاوەتەوە، کە گوزارشت لە ژیانی ئەو سەردەمی کفری دەکات توانیی ببێتە جێی سەرنجی گەشتیارانی ناوخۆ و بیانی، وێنەی (14).

وێنەی (12) ئاسکی کفری




وێنەی (13) ئارامگای باوەشاسوار



سەرچاوەی وێنەی (13,12) بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری کفری/ بەشی ڕاگەیاندن


8. **خانووە کەلەپوریەکانی کفری:** ئەم خانوانە بە کۆمەڵێک یەکەی بیناسازیی زەخرەفی گرنگ ڕازێنراونەتەوە، جگە لەمەش هەندێک لە خانووەکان لە رابردوودا کۆمەڵێک یادگاری و ڕووداوی سیاسی و ڕۆشنبیری و هونەریان بە خۆیانەوە بینیوە(حەمید، 2024، ل12)، کە لەئێستادا جگە لە گرنگییە شوێنەوارییەکەی گرنگییەکی گەشتیاریان هەیە، ژمارەیان زیاتر لە (20) خانوویی کەلەپوریە بە نموونە ماڵی (إبراهیم چەخماخچی) لەساڵی (2023) نۆژەنکراوە، بووتە ناوەندیک بۆ ئەمجامدانی چەندین چالاکی هونەری و کەلەپوری وێنەی (15). هەروەها سەید (موحسین أغا) کفری بووەتە مۆزەخانەی کلتوری چەندین پارچە و ئاسەواری دەگمەن و ناوازەو قەشەنگ تێدا پارێزراوە بەشێوازێکی جوان نمایشکراوە، هاوکات ماڵی (داود زەریفە) کە خانووی جولەکەکان بووە، هەروەها خانووی (ئەنوەر حسن فەندی) کە مێژووەکەی بۆ (100) ساڵ دەگەڕێتەوە لە دوو نهۆم پێکهاتووە لە بەرواری (2025/1/25) لەسەر خەرجی بنەماڵەی ناوبراو نۆژەنکراوەتەوە وێنەی(16). ئەمە جگە لە خانووی (حسێن اغا) یان ژێر تاق کفری (تەقاڵتی) وێنەی (17).

9. **مۆزەخانەی کلتوری کفری:** دەکەوێتە ڕۆژئاوای ئیدارەی گەرمیانیەوە، لەسەر ڕووبەری (1000)م دروستکراوە لە ساڵی (2015)، تەمەنی بیناکە زیاتر (100) ساڵ دەبێت، پێشتر وەک بنکەی پۆستە و گەیاندنی ئیدارەی گەرمیان بەکارهاتووە، وێنەی (18). پێکهاتووە لە حەوشەیەک و (12) ژوور کە هەر ژوورێک تایبەت کراوە بە نیمایشکردنی جۆرێک لە کەرەستەی کەلەپوریی و جلووبەرگی کوردی پیاوان و ئافرەتان کە لەوێ بە ڕەنگ و قەبارەی جیاواز دەبینرێت و جوانییەکی تایبەتی بە ژوورەکە بەخشیوە. لە بەشە جیاوازەکانی ئەم مۆزەخانەیە چەند ژوورێکی تایبەت هەیە کە بۆ پاراستن و پشاندان و ناساندنی ئامێرە کۆن و سەرەتاییەکانی تەلەفیزۆن و ڕادیۆ و چنینی فەرش و جاجم و پیشە کۆنە کوردییەکان و کۆمەڵێک کەرەستەی کاری جووتیاری و کێڵانی زەوی و تەرازووی بەقاڵی و ئاشی بەردین و بێژینگ دانراوە، مێژوویی تەمەنی کەرەستەکانی ناو ئەم مۆزەخانەیە لە نێوان (50 -200) ساڵ دەگەڕێتەوە( .عوسمان، چاوپێکەوتن، 2024/11/26)، ئەم مۆزەخانەیە لەئێستادا چەندین چالاکی کەلەپوریی و هونەری و کوردەواری وەک شەوچەرە و فێستیڤاڵ و مەقامات و خەنەبەندان و کۆڕی بڵاوکردنەوەی کتێب و دروستکردنی خواردنی کوردەواری و گۆرانی گوتن و مۆسیقاژەنین تیادا پێشکەش دەکرێت، ڕۆژانە پێشوازی لە میوان و گەشتیاری زۆر دەکات کە لە هەموو چین و توێژەکان ناوچەکە و دەوروبەری پێکهاتوون.

وێنەی (14) گەرماوی کفری



وێنەی (15) إبراهیم چەخماخچی



وێنەی (16) خانووی حسن فەندی



وێنەی (17) ژێرتاقی کفری (تەقاڵتی)



سەرچاوە: وێنەی (17,16,15,14) بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپوری کفری/ بەشی ڕاگەیاندن

10. **گۆڕِ گردۆڵکەی سەرقەڵا:** ئەم گۆڕە دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی سەرقەڵا سەنتەری ئیدارەی گەرمیان بە دووری نزیکەی(11)کم لە باکوری ڕۆژئاوای شاری کەلار ، مێژووی بیناسازیی ئەم گۆڕە بۆ سەردەمی ئەشکانییەکان دەگەڕێتەوە، لە (57 پ زبۆ 207 ز)، گۆڕەکە بە گشتی لە خشتی سوور و قسڵ و گەچی ئەو سەردەمە دروست کراوە، لە ژوورێکی لاکێشەیی شێوە کەوانەییە لەسەر تەپۆلکەیەکی سروشتی بە خۆڵ و بەردی داپۆشراو، ئەم گۆڕە کۆمەڵێک پاشماوەی قورین و کەرەستەی کانزایی و خشڵ ژمارەیەک لە پاشماوەی ئەشکانیەکان دۆزراوەتەوە. ئەمە جگە لە دەرهێنانی ئێسک و بڕە پارەیەک و پارچە زێڕی لە شێوەی تەنەکە و گۆزە و پەرداخی رووپۆشکراو لەگەڵ کۆمەڵێک پارچە شوێنەواری وەک (مستیلە، بازنە و گوارەی زێڕ، دراوی سکە و کەمۆڵەی شووشەیی)، لەنێو گۆڕەکە دۆزراونەتەوە. لە ساڵی (2013) لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواری گەرمیان، نۆژەنکراوەتەوە بە مەبەستی پاراستنی ئاشنابوونی زیاتری گەشیاران بە مێژووی شوێنەوارەکانی ناوچەکە(مەجید، چاوپێکەوتن، 2024/12/8)، وێنە (19).

هەروەها جگە لەوانەی باسمانکرد چەندین گرد و تەپۆڵکەی تری شوێنەواری لەقەزای کفری هەیە لەوانە (قەرە ئۆغڵان) دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی کفری مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ساسانییەکان، کە ژمارەیەک کەلاوەی شوێنەوارییں پاشماوەی خانووەکان لە بەرد و گەچ و نەخش و نیگاری گەچ کاری دەبینرێت، بەمەبەستی پاراستی پەریژین بە دەوری شوێنەوار قەرەئۆغڵان کراوە. بە دووری (5)کم لە باکوری کفرییەوە گردێکی شوێنەوار هەیە کە پێی دەگوترێت قەڵای کچان، هەروەها گاورتەپە لە گوندی(عەین فارس) و تەپەی شۆڕ لەگوندی (زەرداوی گەورە) تەپەی(حەلاوە)نزیك گوندی (کەشکۆڵی تازە)و تەپۆڵکەی(خاتوونە) لە گوندی (کنگربان) ئەمانە بەکۆنترین شوێنەوارەکانی شاری کفری دەژمێردرێن، چونکە مێژوویان بۆ

چاخەکانی کۆنەکانی مێژوو دەگەڕێتەوە. تەپۆلکەکانی تەلنەقاڕ لە گوندی(تەلنەقاڕ) و محمد تەپەسی لە گوندی (یەنگیجە) مێژووەکەی بۆ چاخی (5200-4500 پ.ز)دەگەڕێتەوە. یان (گۆرە دەخمەکە)، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی زەردەشتیەکان، بەشێوەیەکی تارادەیەک ئەندازەیی دروستکراوە، لە ناوەڕاستی گۆڕەکەدا چاڵێک بوونی هەیە، بۆ گەیشتن بەم گۆڕە چەند پلیکانەیەک دروستکراوە، لەتەنیش گۆڕەکەش وەک ناوچەیەکی شوێنەواری پەیکەری پاشایەک دروستکراوە (علی، چاوپێکەوتن، 2024/12/7).

وێنەی (18) مۆزەخانەی کلتوری کفری



سەرچاوە: سۆران عوسمان: بەڕێوبەری مۆزەخانەی کفری

وێنەی(19) گۆڕگردۆڵکەی سەرقەڵا



عوبێد محمد: بەریوبەری شوێنەواری و کەلەپوری کفری


## سێیەم: شوێنەوارە مێژوویی و کەلەپورییەکانی قەزای خانەقین

ئەم قەزایەش بە یەکێک لە دێرینترین ناوچە ئاوەدانەکانی ئیدارەی گەرمیان دادەنرێت، بۆچوونەکان نیشتەجێبوونی مرۆڤیان لەم ناوچەیەدا بۆ چەند هەزار ساڵی پێش زایین دەگەڕێتەوە، کە سەردەمی کاشی و ئەکەدی و سۆمەری و گۆتی و هەبوونی رووباری ئەڵوەن و خاکی بەپیت و گونجاو بۆ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری، بەختی ناوچەکەیان بۆ ئاوەدانی سەرپێخستووە، خاوەنی چەندی پێگەی شوێنەواری و مێژوویە لە ناوچەکەدا کە بریتین لە:

1. **نەخشی دەربەندی بێلولە:** ئەم نەخشە بەبەرزی (150)م دەکەوێتە باکوری رۆژهەڵاتی گوندی بێلولە ناحیە مەیدان سەر بەقەزای خانەقین، درێژی نەخشەکە (90)سم، وێنەی جەنگاوەرێک نیشان دەدات کە پێی خستۆتە سەر یەکێک لە دوژمنەکانییەوە ئەوەی ئەوەی دیکەشیان لەسەر چۆکە و لەم جەنگاوەرە دەپاڕێنەوە وێنەی(20). بەپێی نووسینە مسماریەکانی سەر ئەو وێنە هەڵکۆڵراوە کە بەچەند شێوەیەک ناوی پاشا (تارونی)خوێنراوەتەوە، بۆچوونی جیاواز هەیە کە وێنەکانی نەخشەکە کۆنترن لەنووسینەکە. سەبارەت مێژووەکەی چەندین بۆچوونی جیاواز هەیە هەندێکیان دەیگەڕێننەوە بۆ کۆتایی هەزارەی دووەم و سەرەتایی هەزارەی سێیەم. ئەم پەیکەرە گرنگیەکەی لەوەدایە دەکەوێتە نزیک ناوچەی گەشتیاری بێلولە ئەمەش دوو هێندە بایەخی شوێنەکە دەدات لەرووی ناساندن و بەبازاکردنی بۆ گەشتیاران و سەردانیکەران.
2. **پردی ئەڵوەند:** ئەم پردە دەکەویتە ناوجەرگەی شاری خانەقین، لەسەر داوای محمد علی فەرمانڕاوای کرماشان و کوڕی شای ئێران لەساڵی (1860)ز لە ناوەڕاستی شاری خانەقین لەسەر رووباری ئەڵوەند دروستکراوە، ئەم پردە هەردوو بەشی رۆژهەڵات و رۆژئاوا بەیەکەوە دەبەستێتەوە بووەتە هێمایەک بۆ شاری خانەقین. بەشێوەیەکی ئەندازەیی پێشکەتوو بنیاتنراوە، وێنەی (21)، کەلە (10)کەوانی نیمچە تیژ پێک دێت و لە گەچی سورکراو دروستکراوە.
3. **کۆشکی حەوش کورو:** مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حکومڕانی خەسرەو پەروێزی پادشای ساسانییەکان لە ساڵی (590-628)ز، دەکەویتە گوندی قۆرەتوو-خانەقین بە دووری (26)کم لە باکوری رۆژهەڵاتیشاری کەلار، رووبەرەکەی (5300)م2 و لە دوو نهۆم پێکهاتووە. ئەم کۆشکە تەنها (7)کم لە قەسری شیرین دوورە، لەرووی بیناسازییەوە هەمان شێوەی یەکترن لە بەردی سروشتی و قسڵ ناوچەکە پێکهاتووە، مەبەستی دروستکردنەکەی وەک بازاڕێک سەنتەرێکی بازرگانی بووە سەردەممەدا لەسەر رێگای سەرەکیی دروستکراوە (کەناڵی ئاسمانی رووداو، 2023). ئەم شوینەوارە وەک زۆربەی شوێنەوارەکانی

تر، سەرەڕای دیمەنی جوان و فراوانی بەڵام خزمەتگوزاری گەشتیاریی نییە، ئەگەر ئەم کۆشکە لە ڕێگەی دامەزراوە گەشتیارییەکانی ناوچەکە بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان ناساندن و بەبازاڕکردنی بۆ بکرێت، بە هۆی گرنگی ئەو شوێنەوارە ئەوا یەکێک دەبێت لە سەرنجڕاکێشترین شوێنەوارەکانی ناوچەکە، لەڕووی سروشتی بیناسازییەوە بێت، یان پێکهاتەی ئەو کەرەستانەی بەکارهێنراون دەتوانێت ڕۆڵێکی کاریگەر بگێڕێت لە ڕاکێشانی گەشتیار بوژانەوەی ئابوری ناوچەکە، بەهۆی ئەوەی دەکەوێتە سەر ئەو ڕێگایەی ناوچەکە و وڵاتی ئێران بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەمەش وایکردووە ئەم شوێنە گرنگییەکی گەورەی ئابووری هەبێت (علي، 2014، ل137).

وێنەی (20) نەخشی دەربەند بێلولە



وێنەی (21) پردی ئەڵوەند



سەرچاوەی وێنەی (2,1) بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار ی گەرمیان/ بەشی ڕاگەیاندن

4. **مۆزەخانەی خانەقین:** ئەم مۆزەخانەیە لەسەر دەستی مامۆستا محسن عەلی ئەکبەر، کە کەسایەتیی ئەو شارەیە دامەزراوە، مۆزەخانە کلتوورییە کە کەلوپەلی کەلەپوری و فۆلکلۆریی شارەکەی لەخۆگرتووە، ماوەی ساڵێکە دەرگای بە رووی گەشتیاراندا کراوەتەوەو کەلوپەلەکانی لەو دیاریانە پێکهاتوون کە خەڵکی خانەقین خۆیان پێشکەشی مۆزەخانەکەیان کردووە. کە تیایدا (16) پەیکەری کەسایەتییە جیاوازی لێیە کە بریتین لە کاسبکار و هونەرمەند و شەهید و دادوەر و کۆمەڵێك پیشەی تر. هەروەها وێنەکان دەربڕینن لە شێوەی ژیان و جل و بەرگ بیناسازی خانەقینیەکان(شالیار، 2024، ل6).

## تەوەری سێیەم: گرفتەکانی بەردەم بەبازاڕکردنی شوێنەوارە مێژوویی و کەلەپورییەکان و چۆنیەتی بەبازاڕکردنیان:

### یەکەم: گرفتەکانی بەردەم بەبازاڕکردنی ناوچە شوێنەوارە مێژوویی و کەلەپورییەکان لەڕووی گەشتوگوزارەوە:

دوای روونکردنەوەی بەشێک لەو شوێنەواری مێژوویی و کەلەپورییەکان کە دەکەونە ئیدارەی گەرمیان، روون بۆوە کە سەرەڕای نۆژەنکردنەوەی بەشێکی زۆر کەمیان، بەشێکی زۆریان بەدەست کەموکورتییەکی روون و ئاشکراوە دەناڵێنن، لە گرنگترین ئەو کێشە و ئاستەنگانەی کە ڕێگریی لە پرۆسەی پەرەپێدان دەکەن ئەمانەن(علی و ئەمین، بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان):

1. نەبوونی بودجە، بەهۆی بێپلانی حکومەت و پشتگوێخستنی شوێنەوارە مێژوویی و کەلەپورییەکان ئیدارەی گەرمیان، گرنگی پێنەدانیان دەبێتە هۆی لەدەستدانی بەهای مێژوویی و گەشتیاریی و کەلەپوریی، وەك گردی ئیمام محمد و ماڵی مەجید پاشا، ماڵی داود زەریفە، قەیسەرەی کفری، گۆمەزەکە و ژمارەیەکی دیکەی شوێنەواری کەلەپوری، بەهۆی پشتگوێ خستنیان و ئاوەڕلێنەدانەوەیان بەرەو لەناوچوون دەچن و بەشێکی زۆریان رووخاون، ئەمەش کاریگەری لەسەر بری تێچووی نۆژەنکردنەوەیان هەیە، بۆیە دەکرێت بکرێنە شوێنێکی گەشتوگوزاری گرنگ چەندین پرۆژەی گەشتوگوزاری و کەلەپوری تێدا دروست بکرێت.

2. هەر یەک لە بەڕێوبەرایەتی شوێنەوار و کەلەپووریی گەرمیان و کفری، تەنها بایەخ بە پلاتفۆرمی فەیسبووک دەدەن بۆ خستنەرووی کاورچالاکیەکانیان، ئەمەش بەهۆی نەبوونی کارمەندی پێویست و پسپۆڕ لە بواری ڕاگەیاندنی گەشتوگوزار و شوێنەواردا، کە نەتوانراوە ناوچە شوێنەوارەییەکان و بەئاستێکی باشتر بناسێنن.

3. جیاوازی و ناوهاوسەنگی حکومەت و ڕێکخراو زانکۆ بیانییەکان لە تەرخانکردنی بودجە و نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارە مێژوویی و کەلەپورییەکان، بە بەراورد بە شوێنەواری پارێزگاکان، بە نموونە ئەوەندەی کە گرنگی دراوە بە نۆژەنکردنەوەی سەراپی سلێمانی و قەڵاپی هەولێر، نیوئەوەندە گرنگی نەدراوە بە شوێنەوارەکانی ئیدارەی گەرمیان.

4. خراپی ڕێگاوبانی ناوچە شوێنەواری و مێژووییەکان، ئەوەی تێبینی دەکرێ شوێنە شوێنەوارییەکان بەپێی پێویست ڕێگاوبانی بۆ نەچووە بە نموونە لە کەلار قەڵای شێروانە تەنیا شوێنەوارە کە سیماییەکی گەشتیاری هەیە، کەچی ڕێگاوبانەکەی لە ئاستی پێویست دانییە بۆ شوێنەواری گەشتیاری، یان ئەو ڕێگاوبانەی هەیە کۆنە و بەپێی پێویست کاری نۆژەنکردنەوەی بۆ نەکراوە، یان هەندێک ڕێگای سەرەکی تاوەکو ئێستا یەک سایدە و لە بۆنەکاندا گوشاری زۆری دەکەوێتە سەرو ڕێگاکە دەگیرێت، بۆیە لەکاتی گەشتکردن هاوڵاتیان زەحمەتی زۆر دەبینین، ئەمەش هاوڵاتیان و گەشتیاران بێزار دەکات و ئارەزووی گەشتکردن لە دەست دەدات.

5. نەبوون و کەمی پۆلیس و پاسەوان بۆ پاراستنی ناوچە شوێنەوارییەکان یەکێکی ترە لە گرفتەکان، هەندێک جار لەلایەن خەڵکەوە زیادەڕۆیی زۆر دەکرێتە سەر شوێنەوارە مێژووی و کەلەپورییەکان، بۆیە پێویستە لەنێو دەزگا ئەمنییەکاندا یەکەیەکی تایبەت هەبێت کە ئەرکیان پارێزگاریکردن بێت لە شوێنەوارەکان، چونکە پۆلیسی شوێنەواری ئاستی ڕۆشنبیری و شارەزاییان زیاترە سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن و پارێزگاریکردن شوێنەوارەکان، لەبەرئەوەی ڕۆژانە و هەفتانە سەردانی شوێنەوارە مێژوویی و کەلەپورییەکان دەکات.

6. نەبوونی زانیاری و سەکۆیی ئەلیکترۆنی گرفتێکی تری ناوچە شوێنەوارەکانی ئیدارەی گەرمیان، لەرووی زانیارییەوە شوێنەوارەکانی ناوچەکە زۆر دەوڵەمەندن، بەڵام بەشێوەی تۆمارکردن و نوسین هیچی لەسەر نییە، ئەوەی کە هەیە زانیارییەکی زۆر کەمە، بەشێکی زۆر کەمیان بۆچوونی سادە دەربارەی هەیە..

7. هاوکاری نەکردنی کەرتی تایبەت لە بوژانەوەی ناوچە شوێنەواری و مێژووییەکان، بەشێکی زۆری شوێنەوارەکانی لەبەر نەبوونی بودجە بەرەو لەناوچوون دەچن یاخود بوونەتە شوێنی فڕێدانی زبڵ و خاشاک، لەباشترین دۆخیشدا ئەگەر نۆژەن بکرێنەوە لەسەر بودجەی شەخسی نۆژەن دەکرێنەوە، تاوەکو ئەوەی بتوانن بکرێنە ناوچەیەکی گەشتوگوزاری شوێنەواری چەندین خزمەتگوزاری گەشتیاری تێیادا دروست بکرێت.

8. کێشەی فرۆشتن و ڕووخاندنی خانووە کەلەپورییەکان لەلایەن خاوەنەکانیان، بە نموونە لە قەزای کفری کە بەخانووی کەلەپووری بەناوبانگە، قەرەبوونەکردنەوەی ئەم خانوانە لەلایەن حکومەت بووتە مەترسی لە ناوچوونی بەشێکی زۆری خاوەکان یان زۆرینەی ئەو خانووانە کە دانراون بۆ فرۆشتن، چۆڵکراون، خانووەکان چوونەتە چوارچێوەی خانووی کەلەپوری، بەهۆی کۆنیەکەیەوە، بەڵام کاری نۆژەنکردنەوەیان بۆ نەکراو، یان ئەو خانووە کەلەپوریانەن کە لە کفری هەن موڵکی خەڵکن، خەڵك قبووڵی نییە بێ قەرەبووکردنەوە بۆیان نۆژەن بکرێتەوە و خۆشی ئامادە نیین بۆ ئەوەی بکرێنە شوێنێکی گەشتوگوزاری کلتوریی تایبەت، بۆ ئەوەی سەرنجی زۆرترین ژمارەی گەشتیارانی ناوخۆ و بیانی ڕابکێشێت.

9. نەبوونی ڕێبەری گەشتیاری شوێنەواری و دیارینەکردنی شوێنە شوێنەوارییەکان وەکو ناوچەیەکی گەشتوگوزاری، چونکە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان دەست نیشانی ناوچە شوێنەوارییەکان دەکات و دەبێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران. جگەلەوەی ژمارەیەک لەو شوێنەوارانە لەلایەن گەشتیارانەوە نەناسێنراون.

10. تا ئێستا بەشێکی زۆری شوێنەوارەکان کاری کنە و پشکنین و هەڵکەندنی شوێنەوارییان بۆ ئەنجام نەدراوە. زانکۆ بیانییەکان جێگەی حکومەتیان گرتۆتەوە، بەهۆی ئەوەی تێچووی زۆری دەوێت حکومەتی هەرێم بوودجەی بۆ تەرخان ناکات. هەروەها نەبوونی تاقیگە و ئامێری کاری کنە و پشکنین لە بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان بەمەبەستی پاراستن و سیانەکردن و چاکردنی پارچە شوێنەوارییەکان، بەهۆی نەبوونیەوە ئەو ڕێگایانە بۆ پارچە شوێنەوارەییەکان ناگیرێتەبەر.

## دووەم: چۆنیەتی بەبازاڕکردنی ناوچە شوێنەوارە مێژوویی و کەلەپورییەکان لەرووی گەشتوگوزارییەوە:

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، شوێنەوارو گەشتوگوزار وەک دوو زانستی گرنگ دەرکەوتوون، لە زانکۆکانی جیهاندا بایەخی تایبەتیان پێدراوە، بەسەدان ناوەند و ڕێکخراو لەسەرتاسەری جیهاندا سەرقاڵی دۆزینەوە و کنەو پشکنینی شوێنەواری و مێژوویی و کەلەپورین، بۆ دۆزینەوەی مێژووی نادیار و شاراوەی مرۆڤایەتی. ئیدارەی گەرمیانیش خاوەن ناوچەیەکی شوێنەواری و مێژوویی و کەلەپوریی

گەشتیاری سەرنجڕاکێشە، دەکرێت وەک ناوچەیەکی گەشتیاری بناسێنرێت و ببێتە سەرچاوەیەکی داهات سوودی لێ وەربگیرێت، وەک ئەهرامەکانی میسر و شورای مەزنی چین و شانۆی رۆمانی و شاری بەترا لە ئوردن، ساڵانە بە دەیان ملیۆن گەشتیار روویان تێدەکەن و بەسەدان ملیۆن دۆلار داهاتی ئەو وڵاتانە سەردەخەن و دەبێتە بەشێک لە بوژانەوەی ئابوورییان. لێرەدا بە گرتنەبەری ئەم هەنگاوانە دەتوانرێت بەبازاڕکردن و ناساندن بۆ ناوچە شوێنەوارییەکانی ئیدارەی گەرمیان بکەین:

1. نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارەکان بەگشتی و قەڵای پاشا و گەرماوی پاشا و قەیسەریی کفری بەتایبەتی بە کەرەستەی سەرەتایی ناوچەکە، وەک بازاڕە جیهانییەکانی لێ بێت و خاوەن سیستەمی ساردکەرەوە و گەرمکەرەوەی ناوەندی بێت، لەگەڵ سیستەمی کارەبا و ئەنتەرنێت و ئاوەڕۆی داپۆشراو، هەموو ئەمانە سەرنجی خەڵکی ناوخۆ و گەشتیاران بۆ جوانی قەیسەرییەکە و شێوازی ئەندازیارییەکەی ڕادەکێشێت، تاکو سەرلەنوێ قەرەباڵغی رووی تێ بکات و ببێتە شوێنێکی جوڵەی بازرگانی و گەشتیاریی.
2. گرنگیدان بە گەشتیاریکردنی شوێنەوار، لە رێگەی دانای میکانیزمی پێویست بۆ ناساندن و بەبازاڕکردنی گەشتیاری شوێنەوارەکان، چونکە دوای نۆژەنکردنەوەی شوێنەوارەکان پێویستیان بە پاراستن و خزمەتگوزاری کارگێڕی بۆ میوانان و گەشتیاران هەیە، بۆیە پێویستە هەماهەنگی لە نێوان بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری و بەڕێوبەرایەتی گەشتوگوزاری گەرمیان هەبێت بۆ ناساندن و بەڕێوبردنی ئەو شوێنانەی نۆژەنکراونەتەوە یان لە داهاتوودا نۆژەنکردنەوەیان تەواو دەبێت.
3. بوونی رێبەر و بروشەی و نامیلکەی گەشتیاریی کە زانیاری وێنە و نەخشەی شوێنەواری بە زمانی جۆراوجۆر، دانانی تابلۆ و تابلێتی شوێنەواری، بەجۆرێک روونکردنەوەی تەواو لەسەر شوێن و ناوچەکە بدات. هەروەها دیاریکردنی کەسانی و ئەکادیمی و پسپۆڕ و خاوەن ئەزموون لە شێوازی چونیەتی مامەڵەکردنی و ئەتەکیەت ناوچەکە بۆ رێبەریکردنی گەشتیاران.
4. سەقامگیری ئاسایش و بوونی رێگەی گونجاو بۆ ناوچە شوێنەوارەییەکان و بە هەڵواسینی تابلۆ و نوسینی زانیاری لەسەری، دانانی لەسەر نەخشە و بەئەلیکترۆنیکردنیان لەسەر ئەنتەرنێت بۆ ئەوەی بەئاسانی بدۆزرێتەوە وەک رێنیشاندەرێک بۆ ئەو گەشتیارانەی سەردانی ناوچەکە دەکەن.
5. رەخساندنی هەلی کار بۆ گەنجان و دانشتوانی ناوچەکە لە رێگەی پیشەی دەستی و بەرهەمە خۆماڵییەکان و براند و دیاری جوان و ناوازە، بۆ ئەوەی گەشتیار لەگەڵ خۆیدا بیباتەوە ناوچە و شارەکەی خۆی.
6. ئەنجامدانی کاری کنە و پشکنین بۆ ناوچە شوێنەوارەییەکان و کار ئاسانی بۆ تیمە بیانیەکان بکرێت بۆ هەڵدانەوەی پاشماوەی شوێنەوارەکانی ناوچەکە، بۆ ئەوەی زیاتر ئاشانبن بە کەلتورو فەرهەنگی شارستانی باوباپیرانیان. هەروەها هاندان و کارئاسانیکردن و بۆ ئەو توێژەرو خوێندکارە ناوخۆیی و بیانیانەی دەیانەوێت زیاتر لایەنە شاراوەکانی شوێنەوارەکانی ناوچەکە بزانن و ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەن.
7. بڵاوکردنەوەی هۆشیاری گەشتیاری لای هاووڵاتیان لە گرنگی و بەهای شوێنەوارە مێژوو و کەلەپورییەکان لە ڕوانگەی گەشتوگوزارەوە، چونکە دروستکردنی بنەمایەکی کۆمەڵایەتی دروستە بۆ گەشتوگوزاری کلتوری لەو ناوچانەی کە شوێنی مێژوویی و شوێنەواریی تێدایە دەبێتە هۆکارێکی هاندەر بۆ چالاکی گەشتوگوزار، بەتایبەتی ئەوانەی لەسەر بنەمای ئەم شوێنە سەرنجڕاکێشانە دامەزراون.
8. گرنگیدان زیاتر بە میدیای گەشتوگوزاری شوێنەواری لە رێگەی فیلم و زنجیرە دۆکۆمێنتاری و پەخشکردنی گۆرانی مۆزیکی کوردی، هەر چالاکیەکی میدیایی بۆ ناساندنی واقیعی گەشتیاری ناوچەکە باشترە بە زمانێکی نێودەوڵەتی بێت، جگە لە بەکارهێنانی زمانی کوردی و عەرەبی کە زمانی فەرمی هەرێم و عێراقە.
9. دامەزراندن و دروستکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری گەشتیاری لەرێگەی کەرتی حکومی و کەرتی تایبەت، بۆ نموونە دروستکردنی کۆڕنیش لەسەر بەنداوی باوەشاسوار و چەندین خزمەتگوزاری گەشتیاری دیکە بۆ دەستەبەرکردنی شوێنە حەوانەوە بە شیوەیەکی سەردەمیانە لەسەر بەنداوەکە دەبێتە فاکتەرێکی بنچینەیی بەگەشتیاریکردنی ناوچە شوێنەوارییەکان و راکێشانی سەرنجی گەشتیاران.

لەکۆتاییدا ئەوەی ماوە بوترێت، ئیدارەی گەرمیان (کەلار و کفری و خانەقین) ناوچەیەکی دەوڵەمەندی شوێنەواری گرنگە، چەندین شوێنەواری گرنگی تر ماون کاریان تێدابکرێت، بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە بەبازاڕکردن و ناساندنیان بۆ بکرێت بەمەبەستی سەرنج ڕاکێشانی گەشتیاران و پەرەپێدانی ژێرخانی ئابوری ناوچەکە.

## دەرئەنجام

1. ئیدارەی گەرمیان خاوەن شارستانێتێکی زۆر کۆنە، ناوچەیەکی بازرگانی و ئابوری گرنگ بووە بۆ ساغکردنەوەی بەروبوومی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری خەڵکی ناوچەکە و ناوچەکانی دەوروبەری خۆی، لەبەرئەوەی چەندین ڕێگای گرنگی پیادا تێپەڕ دەبێت و هاسنورە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران پارێزگاکانی تری عێراق، ئەمەش بایەخێکی زۆری هەیە لە رووی بازرگانییەوە.
2. خاوەنی چەندین پاشماوەی شوێنەواری مێژوویی و کەلەپوریی کۆن لەخۆدەگرێت، لە ئێستادا نزیکەی (19) ناوچەی شوێنەواری دۆزراوەی تێدایە، سەرباری چەندین ناوچەی شوێنەواری تر نەدۆزراونەتەوە کە تایبەتمەندن بە دیمەنە سەرسورهێنەرەکان کە گەشتیارانی هەرێمی کوردستان و عێراق بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن، بەڵام بۆ گەشتوگوزار بەکارنەهاتوون.
3. بەشێکی زۆر لە شوێنەوارە مێژوویی و کەلەپورییەکانی ناوچەکە بەهۆی پشتگوێ خستنیان و ئاوەڕلێنەدانەوەیان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەرەو لەناوچوون دەچن و بەشێکی زۆریان رووخاون، بەهۆ هۆکاری سروشتی بێت یان کەمتەرخەمی لە پاراستنی. ئەمە جگەلەوەی ڕێگاوبانەکانی گەیشتن بە شوێنەوارەکان زۆر گونجاو نین و پێویستیان بە چاکسازی هەیە.
4. پرۆسەی کاری کنە و پشکنین بۆ بەشێکی زۆر شوێنەوارە مێژووییەکان ئەنجام نەدراوە، بەهۆی قەیرانی دارایی و نەبوونی بودجەی پێویست لەلایەن حکومەت بۆ ئەو مەبەستە، بۆیە هەندیک زانکۆ و ڕێکخراوی جیهانی هاتوونەتە ناوچەکە و بەهاوکاری بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان بەدواداچوون بۆ ئەو بوارە دەکەن.
5. ناوچە شوێنەوارییەکانی ئیدارەی گەرمیان رووبەرووی دەستدرێژی دەبنەوە لەلایەن هاوڵاتیانەوە، بۆ کاری کشتوکاڵی پێ یاخود تێکدانی بەئەنقەست، هەروەها کێشەی نەبوون و کەمی کارمەندی پاسەوان و پۆلیس هەیە، ئەمەش هەم کێشەی پاراستن و کێشەی بەکرانەویی هێشتنەوەییان دروست دەکات.
6. هەردوو بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان و کفری چەندین کێشەی جۆراوجۆریان هەیە، لەوانە کەمی ژمارەی فەرمانبەر و نەبوونی کەسی پسپۆڕ لە بواری ئەندازیاریی و ئایتی و یاسایی و گەشتیاریی، نەبوونی ئۆتۆمبێل و بینانی تایبەت و بودجەی پێویست.
7. دابەشبوونی ناوچە شوێنەوارەیی و مێژوویی و کەلەپورییەکان بە جۆرێک لەیەکەوە نزیکە، کە گەشتیار دەتوانێت لە ماوەیەکی کەمدا سەردانی زۆربەی شوێنەوارەکان بکات بە تێچوویەکی کەم.

## ڕاسپاردەکان

1. نۆژەنکردنەوە شوێنەوارەکان بەمەبەستی پاراستن و ناساندنیان بە گەشتیاران لە ڕێگەی تابلۆی زانیاری و پۆستەر و بروشە ڕیکلامی ئەنتەرنێت و کەناڵەکانی راگەیاندنەوە. ئەمەش وەک ماڵپەرو یان ئەپی موبایل بەردەست بخرێت، بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەیەک بۆ ناساندنی زیاتری ئەو ناوچە شوێنەواریانە بەمەبەستی راکێشانی سەرنجی گەشتیاران.
2. دروست کردنی باخچەیەکی نوێ و سەردەمیانە لە دەوروبەری قەڵای شێروانە وەک پارک و سەوزایی، بەمەبەستی جوانکردنی ژینگەی قەڵا و سوود وەرگرتنی خەڵک لە خۆشگوزەرانی گەشتوگوزار، هەروەها پلیکانەی قەڵاکە بە بەردە و پێکهاتەی سروشتی ناوچەکە چاکبکرێتەوە.
3. هاندانی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنەرانی ناوخۆ و بیانی کە سەردانی شوێنەوارە مێژوویی و کەلەپورییەکان بکەن بەمەبەستی نۆژەندکردنەوەیان، بەهۆی گرنگییەکی ژیانی ئەم کەرتە لە هەر چالاکیەکی ئابووری. بۆیە دەبێت کار بۆ هاندانی کەرتی تایبەت بکرێت بۆ وەبەرهێنان لەم جۆرە چالاکییە گەشتیارییەدا.
4. گرنگیدان بە گەشتوگوزار بەگشتی و گەشتوگوزاری شوێنەواریی و مێژوویی ئاینی بەتایبەتی، چونکە شارەکە دەوڵەمەندە بە چەندین شوێنی شوێنەواری دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە چالاکی گەشتیاریی پەرەی پێبدرێت و لەرووی ئابورییەوە سوودیی زۆر دەبێت بۆ دانیشتوانی ناوچەکە.
5. کردنەوەی هەردوو بەشی شوێنەوار و گەشتوگوزار لە زانکۆی گەرمیان و زانکۆی پۆلەتەکنیکی گەرمیان، کە زۆر گونجاوە بۆ کردنەوەی ئەم دووبەشە ئەکادیمییە، هەروەها پێویستە هەماهەنگی لە نێوان هەردوو زانکۆی ناوبراو بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان و کفری بۆ دروستکردنی پەیوەندیەکی بەهێز و هاوکاریکردنی یەکتر.

6. دامەزراندنی چەند پرۆژەیەکی گەشتیاریی لە نزیک ناوچە شوێنەوارییەکان بەمەبەستی ڕاکێشانی گەشتیار، بۆ ئەمەش پێویستە دیدارو کۆنفرانسی تایبەت ئەنجام بدرێت و کەسانی پسپۆڕ لەبواریی شوێنەوار و گەشتوگوزار بانگێشت بکرێن، بەمەبەستی دۆزینەوەی ئالیەت و میکانیزمی گونجاو بۆ ناساندنی ئەم بوارە.
7. هانی تیمی زانکۆ بیانی و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی بدرێت بەمەبەستی ئەنجامدانی کاری کنە و پشکنین بۆ شوێنەوارەکان.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان

### أ. کتێب


1. حامید، ڕزگار حاجی، کەلار مێژوویی دێرین و جوگرافیای زیندوو، چاپخانەی چوارچرا، 2019.
2. ڕەشید، شیروان عمر، بنەماکانی جوگرافیەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2007.
3. عبداللە، صلاح الدین عبدالحمید، ئیدارەی گەرمیان لە تەرازوی ڕەسەنایەتی شارستانیەتدا، سلێمانی، چاپی دووەم، 2012.
4. عزیز، سهیل خورشید، مێژووی ناوچەی کفری، سلێمانی، چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم، 2013.
5. عبدالحمید،صلاحەدین،شاری کفری لە تەرازوی ڕەسەنایەتی شارستانیەتدا، 2012.


### نامەی ماستەرو دکتۆرا و گۆڤاری زانستی


1. احمد، ئامانج فواد، شێوازەکانی دابەشبوونی شوێنی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای کفری، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، 2018.
2. تۆفیق، عارف، شەماڵ علی و کامەران محمد، توانستەکانی پەرەپێدانی (گەشتوگوزاری تاریک) لە شاری هەڵەبجە (مۆنۆمێنتی هەڵەبجە بەنموونە)، گۆڤاری کوردستانی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، 2024.
3. دەلۆ، حسێن ئیسماعیل خان، ناوچەی کفری لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٦٣) توێژینەوەیەکی مێژوویە لە بارودۆخی سیاسی، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، 2019.
4. سلیم، غریب علی، توانستەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاری شوێنەواری و مێژوویی و ئاینی لەشاری کفری .گۆڤاری زانکۆی سلێمانی/ بەشB، زانستە مرۆڤایەتیەکان2025
5. علی، صلاح الدین حسن، توانستەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاریی شوێنەواری و مێژووی ئاینی لە پارێزگای سلێمانی، ماستەرنامە(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، 2023.
6. عبداللە و ئەوانیتر، هاوسەر ابراهیم کاکە، شیکردنەوەی جوگرافی بۆ پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار لە ئیدارەی گەرمیان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، 2019.
7. کریم، محمد مهدی، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دانیشتوان و پەرەپێدانی مرۆیی لە ئیداری گەرمیان، دکتۆرانامە(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، 2024.
8. کریم، محمد مهدی و تالیب، جەزا تۆفیق، جیۆدیمۆگرافی و دابەشبوونی دانیشتوانی گەرمیان، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین.
9. کریم، شاد حمید محمد، احمد رفیق، ڕێگاکانی ئۆتۆمبێل لە ئیدارەی گەرمیان .گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، 2023.
10. محمد، عدنان علی، توانستەکانی پەرەپێدانی گەشتوگوزاریی ئاینی لە هەرێمی کوردستان دا، ماستەرنامە(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، 2023.
11. مارف، شەماڵ علی، ئەوانیتر، بایەخی بنەما مێژوویی و شوێنەواری و ئایینەکان لە هەورامان بە بەکارهێنانی GIS، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)زانستە مرۆڤایەتییەکان، ژمارە 60، 2019.
12. محمد، چرا خان أحمد حمە و یادگار علی، ڕۆڵی فەیسبووک لە پاراستنی کەلەپووره بیناکردەکانی سنوری ئیدارەی گەرمیان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، 2024.
13. محمد، علی هجران محمد غریب و محمد عبدرەحمان، ئاسیاوی قازی توێژینەوەیەکی (مەیدانی -شیکاری) .گۆڤاری زانکۆ سلێمانی/ بەشی (B) زانستە مرۆڤایەتیەکان، 2025.
14. مستەفا، سۆران کەریم، ناوچەی گەرمیان لە نیگای بەشێک لە گەریدەو کوردناسانەوە (کەرکوک، دوزخورماتوو، کفری، خانەقین)، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، 2022.
15. یوسف و ئەوانیتر، ئەژین ئەنوەر، دابەشبوونی جوگرافی ناوچە شوێنەوارییەکان و چۆنیەتی پەرەپێدانیان لە قەزای رانیە (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای گەشتوگوزار)، گۆڤاری زانکۆ ڕاپەڕین، 2023.


### ڕۆژنامە و سەرچاوە کوردییەکانی تر


1. ڕوستی، نادر، بەبازاڕکردنی کەرتی گەشتیاری هەرێمی کوردستان لە ئاستی پێویست نییە، هەولێر، ڕۆژنامەی خەبات، ژمارە6746، 2024.
2. شالیار، مجید، مۆزەخانەی خانەقین گرنگییەکی زۆری بۆ خەڵکی ناوچەکە هەیە، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، 2024.
3. کەناڵی گەلی کوردستان، گۆڕستانی بناری شاخی باوەشاسوار چەندین گومەزی کۆنی تێدایە، 2023/9/15.
4. کەناڵی Kurdistan24, T. V مێژووی وڵاتەکەت بناسە (چی لەبارەی سەرای کۆنی) کفری دەزانی، 2024/2/5.

5. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، ڕاپۆرتی ئاماری دیمۆگرافی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە و ئیدارەکان، 2019-2020.
6. کەناڵی ئاسمانی ڕووداو، فیچەر، کۆشکی حەوش کوڕ، 2023
7. کەناڵی ئاسمانی ڕووداو، بەرنامەی گەرماوی مێژوویی پاشا لە کفری، Sep 25, 2021
8. احمد، خۆگر، کفری، شوێنەوارێکی دێرین لە مەترسی لەناوچووندایە، ماڵپەری ڕۆژنیوز - 26-06-2017
9. کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، گۆڕستانی بناری شاخی باوەشاسوار چەندین گومەزی کۆنی تێدایە، 2023/9/15
10. ماڵپەڕی باسنویس، گەرماوی پاشا لە کفری تاکە گەرماوی ژێرزەوییە و پێویستی بە نۆژەنکردنەوەیە، 2023/05/13
11. کەناڵی ئاسمانی ستێرک، بەرنامەی شوێنەوار لە(کۆشکی مەجید پاشا) لە کفری، 16/6/ 2024
12. حەمید, ڕەحیم مەلا، کورتەیەك دەربارەی گرنگترین شوێنەوارە دێرینەکانی قەزای کفری، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (9228)، 11/8/ 2024.
13. عوسمان، سۆران، بەڕێوبەری مۆزەخانەی کولتوریی شار لە کفری، چاوپێکەوتن 2024/11/26.
14. محمد، عوبێد، شوێنەوارە مێژووییەکان، بەڕێوبەری شوێنەواری و کەلەپوری کفری، چاوپێکەوتن 2024/11/26
15. مەجید، ئارام محمد، ئەندازیاری تەلارسازی لە بەڕێوبەرایەتی شوێنەوارو کەلەپوری گەرمیان، چاوپێکەوتن 2024/12/8.
16. ڕێبەری گەشتیاریی گەرمیان، بەڕێوبەرایەتی گشتی شوێنەوار، بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری گەرمیان، چاپی یەکەم، 2014.

## دووەم: سەرچاوە عەرەبیەکان

### کتێب

1. محمد، خەلیل إسماعیل، دهوک-نینوي دراسات في الخصائص الدیمغرافیة للسكان، مركز كردستان للدراسات الإستراتیجیة الأزهر، 2005.
2. باقر، طه، مقدمة في تأريخ الحضارات القديمة، شركة التجارة والطباعة المحدودة، بغداد، 1955.
3. عبيد، طه احم، مشكلات التسويق السياحي دراسة ميدانية، الإسكندرية، مصر، المكتب الجامعي الحديث، 2010.
4. غفور، عبدالله، التشكيلات إدارية في جنوب كردستان، مطبعة حاجي هاشم، اربيل، 2014.
5. نور، مذير، التسويق مدخل الطبيقي .مصر: دار الجامعة الجديدة، 2002.

### رسالة ماجستير او مجلة

1. بوعزيز، لزهر بعوط، ناصر، دور المواقع الأثرية في تحقيق التنمية السياحية المستدامة، مجلة العلوم الإنسانية لجامعة أم البواقي، 2021.
2. علي، خالد ولي، المقومات السياحية في منطقة كرميان وآفقاتها المستقبلية(دراسة في جغرافية السياحية)، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة گەرميان، 2014.
3. حسين، صباح سعيد، التنمية السياحية في المنطقة الجبلية بإقليم كردستان العراق، كلية الاداب، جامعة المنصورة، ميصر، 2014.
4. عجيل، عبدالكريم كاظم، أهمية الثقافة السياحية في تنمية السياحة الدينة في العراق، مجلة الباحث للدراسات الأكاديمية، 2019.

### سەرچاوەی ئینگلیزی

1. Lennon, Foley, joumal of Heritage Studies Intonational, 1996.
2. English, The oxford Dictionary of current, The oxford Dictionary of current English oxford university press, London, Amen House,1984.
3. modern, John small & Mighall with ErickL A, Dictionary of Geography Third Edition, UK, 1995.

Available online at http://aran.garmian.edu.krd

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.025-01-01-SC-17

# Marketing capabilities (archaeological, historical and cultural tourism) in the Garmian administration

**Gharib Ali Salim[1], Shirvan Omar Rashid[2]**

1-Department of Tourism/College of Religious Studies/Goyzha University
1-Department of Geography/ College of Humanities/ Sulaimani University/ Kurdistan Region-Iraq

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **April 2025** |
| Accepted | **May 2025** |
| Published: | **August 2025** |

**Keywords**

**Tourism, Marketing, Cultural and Historical Sites, Garmian Administration**

**Corresponding Author**

gharib.saleem@univsul.edu.iq
gharib.saleem@uog.edu.iq
Shirwan.rashid@univsul.edu.iq

## Abstract

This research, titled "Marketing Capabilities of archaeological, historical, and heritage tourism in the Garmian Administration," aims to reveal the archaeological, historical, and heritage tourism potential and how to market it in the region. This is one of the key foundations of tourism marketing that can be utilized throughout the year. The research problem lies in the fact that despite the existence of these potentials, they have not been successfully utilized to attract tourists and revitalize the economy of the Garmian Administration due to the lack of services and underdeveloped economic infrastructure for archaeological tourism sites.

We used both descriptive and methodological approaches along with Geographic Information Systems to achieve the research objectives. In conclusion, the research found that the Garmian Administration contains numerous historical, cultural, and ancient archaeological remains dating back to the Assyrian, Persian, Kassite, Akkadian, Sumerian, and Gutian eras. These sites are characterized by amazing scenery that attracts tourists from the Kurdistan Region and Iraq.We recommend giving importance to tourism in general and archaeological, historical, and heritage tourism in particular, as the region is rich with numerous archaeological sites. These sites can be marketed for tourism activities, which would bring significant economic benefits to the residents of the Garmian Administration